
لەبەرهەمەکانی مامۆستا
ناصر سبحانی
ـ ١ ـ



# مرۆڤ و رێبازی ژیان

ئامادەکردنی
عبداللە علی

چاپی یەکەم
١٤١٨ک
١٩٩٧ز

## بابەتەکان

| بابەت | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ٩ |
| بنەرەتی مرۆڤ | ١١ |
| روونکردنەوەیەک لەسەر سیفەتی زانست لە مرۆڤدا | ١٤ |
| حەقائق و اعتباریات | ٢٢ |
| پەیوەندی نێوان حەقائق و اعتباریات | ٢٧ |
| ئەحکامی ژیان لە بەشی اعتباریاتە | ٣١ |
| هێزی بیستن ( السمع ) | ٣٢ |
| هێزی ئارەزوو ( الهوی )لە مرۆڤدا | ٣٦ |
| مرۆڤ و رێبازی ژیان | ٣٨ |
| دیاریکردنی چاکەو خراپە | ٤٢ |
| بنچینەی شەریعەت | ٤٧ |
| شەریعەتی خوا چۆن دەتوانی هەمیشەیی بێت ؟ ! | ٥٤ |
| ئەرک و فرمانی موجتەهیدەکان | ٥٧ |
| قورئان و زانستەکان | ٦٠ |

سایت نوگرا
www.eslahe.com

له بەرهەمەکانی مامۆستا سوبحانی

- ١ -

# مرۆڤ و ڕێبازی ژیان

مامۆستای شەهید

ناصری سوبحانی

ئامادەکردنی

**عبدالله عەلی**

www.eslahe.com

webmaster@eslahe.com

## پوختەیەک لە ژیاننامەی شەهید مامۆستا ناصری سوبحانی

* مامۆستا ناصری سوبحانی ساڵی ١٩٥١ ی زاینی لە گوندی دوریسانی نزیک شاری پاوەی هەورەمانی سەربە پارێزگای کرماشان لە کوردستانی ئێران چاوی بە دونیا هەڵهێناوە .

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە گوندەکەی خۆی و شاری پاوە تەواو کردووە .

* پاشان دەستی کردووە بە خوێندنی زانستە شەرعیەکان و ، هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە زیرەکی و بلیمەتی دەرکەوتووە . بۆ ئەو مەبەستەش زۆرێک لە شارو گوندە ئاوەدانەکانی کوردستان وەک پاوە و سنە و مەریوان و خانەی بەسەر کردۆتەوە و ، لای زانا گەورە و ناودارەکانی ئەو ناوچانە خوێندویەتی .

* لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شاهەنشاهی کەوتە جموجۆڵ و لە شارەکانی پاوە و روانسەرو جوانرۆ و سنەو کرماشان و مەریوان چەندین وتاری داوە و بەشداری هەموو چالاکیەکانی جەماوەری راپەڕیوی کردووە .

* لە ساڵی ١٩٨٠ دا پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵی برایانی موسڵمانەوە و ، لە ماوەیەکی کەم و کورتدا - لەبەر دڵسۆزی و لێ

هاتوویی - بووەتە جێی متمانەی ئەو کۆمەڵە و ، گەیشتە ئاستی ئەنداماتی قیادی لە ئێراندا.

* لە چەند ساڵی سەرەتای شۆڕشی ئێراندا هاوکارێکی دڵسۆزی مامۆستای تێکۆشەر و زانای ڕەحمەتی مامۆستا ئەحمەدی مفتی زادە بوو ، مامۆستا مفتی زادە شەهید سوبحانی بە برایەکی خەمخۆرو دۆستێکی زۆر نزیک و پشتیوان و هاوکارێکی بەردەوام دەزانی .

* مامۆستا سوبحانی لەگەڵ مامۆستا مفتی زادە و ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدارو زانایانی کوردستان و ئەهلی سوننەتی ئێران لە چەندین هەوڵی گفتوگۆ و دانوستاندا لەگەڵ بەر پرسانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەشدار بووە و ، بۆ ئەو مەبەستە چەندین جار سەردانی کرماشان و قوم و تارانی کردووە لەگەڵ گەورەو بەرپرساندا گفتوگۆی ڕاستەوخۆی کردووە و ، داکۆکی لە کێشەکانی گەلی کورد بەتایبەتی و ئەهلی سوننەت بەگشتی کردووە .

* لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشی ئێراندا لەگەڵ گەورە سیاسەتمەدارانی ئەو کاتەی کوردستان بەشداریی چەندین کۆنگرەی کردووە .

* ساڵی ١٩٨١ کە شورای ناوەندی ئەهلی سوننەت (شمس) پێک هێنرا مامۆستا ناصر یەکێک بوو لە بەشدارە چالاکەکان و ، هەر لەکۆنگرەی یەکەمدا کەلە تاران بەسترا هەڵبژێررا بە نوێنەری پارێزگای کرماشان ، هەروەها لە کۆنگرەی دووەمی (شمس) یشدا



بەشداریی کرد.

* هەر لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی دووەمدا بەرپرسانی ئێرانی کەوتنە دژایەتی کردنی بەشداران و دەیان کەسیان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا گرت و ، فرمانی گرتن بۆ شەهید سوبحانیش دەرکرا ، بەڵام نەکەوتە بەردەستیان .. بۆیە هەر لە پایزی ساڵی (١٩٨٢) وە ناوچەکەی خۆی بەجێ‌هێشت و بەشێوەیەکی نهێنی کەوتە چالاکی کردن لە شارەکانی تری ئێراندا .

* ساڵی ١٩٨٣ دا سەردانی پاکستانی کردوە ، چەندین دیداری لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو کاتەی شۆڕشی ئەفغان کردوە ، جگە لەوە کە چاوی بە چەندین کەسایەتی ئیسلامی جیهانی کەوتوە .

* لە بەهاری ١٩٨٨ دا لەگەڵ ژمارەیەک لە برا هاوکارەکانی سەردانی تورکیایان کردو لە کۆنگرەیەکی ئیسلامیدا کە تایبەت بوو بە کێشەی کورد بەشداری کرد و ، وتارێکی بەنرخی لە کۆنگرەکەدا خوێندەوە و ، لەبەر ڕۆشنایی قورئاندا مافی گەلان و کێشەی نەتەوەیی روون کردەوە.

* لە ٦ / ٦ / ١٩٨٨ دا لە شاری سنە لەکاتی میوانداریی دا دەسگیر کراو پاش چەند ڕۆژێک لە دەسگیر کردنی دەنگی ناڕەزایی لە سەراسەری ئێرانەوە دەستی پێ‌کردو دواتر تۆماری ناڕەزامەندی لە چەندین لای ناوەوە و دەرەوەی ئێران درایە بەرپرسانی حکومەتی ئێرانی، بەڵام بەبێ سود .. تەنانەت زۆرێک لەسەرکردەو پارت و کۆمەڵە ئیسلامیەکانی دەرەوەی ئێران بە نوسراوی رەسمی



www.eslahe.com

بەرپرسانی ئێرانیان لەمەترسی ئەگەری ئازاردانی مامۆستا سوبحانی ئاگادار کردەوە . لەناو خۆی ئێرانیش بۆ ئەو مەبەستە سەردانی زۆرێک لەبەرپرسانی پەیوەندیدار کرا.

* پاش ئەو هەوڵە زۆرانە ، بەرپرسان(بەرپرسانی ئێرانی) وەفدی بەدوا چوونی مەسەلەکەیان ئاگادار کردەوە کە پاش چەند رۆژێک تەرمی خوالێخۆش بوو لە شاری سنە تەسلیم دەکەنەوە .

* سەرەنجام لە شاری قوروە کە سەر بە ئوستانی سنەیە لە کوردستانی ئێران گۆری شەهیدیان نیشانی کەس و کاری دا و ئاگاداریان کردن کە نابێ تەرمەکەی دەر بهێننەوە .

* مامۆستای رەحمەتی بە گەواهی زۆرێک لە زاناو کەسایەتیە ئیسلامیەکان ئەهلی ئیجتهاد بوو خاوەنی توانایەکی زانستی کەم وێنە بوو . هەر بۆیە لە هەموو بوارەکان ( تەفسیر و حەدیث و فیقهو فلسەفەو دەعوە و حەرەکەت)دا بۆچون و اجتهاداتی بەهێزی هەبوو .

* مامۆستا ناصری سوبحانی خاوەنی زیاتر لە هەزار کاسێتی پڕکراوەیە لە بوارەکانی ( تەفسیری قورئان و مەسەلە عەقیدەییەکان و ، شەرحی عیبادەت و حکمەتەکانی و سیستەمەکان ئیسلام و زانستەکان ( علوم القرآن ) و ( اصول الفقه ) و ( علوم الحديث )ە . ئەمە و جگە لە چەندین وتار دەربارەی کێشە ئایدیولۆژی و سیاسی یەکانی سەردەمی پێش و پاش شۆرشی ئێران . جگە لە زمانی کوردیش سەدان کاسێتی پڕکراوەی بە زمانی عەرەبی و فارسی هەیە .



* لەبەرهەمە زانستی یەکانی تری مامۆستا سوبحانی بەشێوەی باس و نوسین :

١ - ( مجموعة فتاوي ) بەعەرەبی یە و دەربارەی زۆرێک لە کێشە هاوچەرخەکان و مەسەلە فارسی یە گرنگەکان .

٢ - ( الولاية والامامة ) کە بابەتێکی فەلسەفی + سیاسی یە و لە روانگەی قورئانەوە کێشەی ( ولاية وامامة ) روون دەکاتەوە .

٣ - ( مذكرة في علوم الحديث ) کە لە ئەساسدا نامەیەکی دوور و درێژە و بۆ ( مجمع السنة النبوية ) ی ناردووە ، کە دکتور یوسف القرضاوی دەیبات بەرێوە . لەم نامیلکەیەدا ژمارەیەک سەرنجی گرنگی خۆی ئەخاتە پێش دەستی پرۆژەی کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ .

٤ - مختصر مدارج السالکین . کە کورتکردنەوەیەکی (تهذیب)ەکەی عبدالمنعم صالح

٥ - کتێبێکی گرنگ دەربارەی ( عەقیدە ) کە لە قورئاندا بابەتەکانی دەردەهێنا و رۆژانی پێش دەسگیرکرانی پێوەی سەرگەرم بوو ، بەڵام تەواوی نەکردووە .

ئەمەو جگە لە دەیان وتار و باس و لێکۆڵینەوە کە بەناوی خوازراو لە گۆڤارە ئیسلامی یەکاندا لە ساڵانی ١٩٨٣ - ١٩٨٧ بلاوکراونەتەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ والله أخرجكم من بطون أمهاتكم لا تعلمون شيئاً ، وجعل لكم السمع والأبصار والأفئدة لعلكم تشكرون ﴾

سورەتی «النحل» ئایەتی ٧٨

﴿ ثم جعلناك على شريعة من الأمر فاتبعها ولا تتبع أهواء الذين لا يعلمون ﴾

سورەتی «الجاثية» ئایەتی ١٨

# پێشەکی

ئەم باسە لە بنەڕەتدا وتارێکی مامۆستای شەهید ناصری سوبحانی‌یە، کاتی خۆی لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢ دا لە شاری مەریوانی سەربە کوردستانی ئێران تۆمار کراوە . لەبەر گرنگی بابەتەکانی لە هەندێ ڕووەوە ، هەر ئەو ساڵە هەستاین بە نووسینەوە و دارشتنەوەی بەکەمێ دەستکاریەوە لە ڕووی زمانەوانی یەوە ، بە شێوەیەک کار نەکاتە سەر ناوەرۆکی باسەکە و تەوەرە سەرەکیەکانی ، باسەکە بابەتێکی جیهان بینی یەو ، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، تیشک ئەخاتە سەر دەزگاکانی وەرگرتنی زانست لە مرۆڤدا و سەودای ئەو زانیاریانەی کە ئەتوانێ وەدەستیان بهێنێ و پەیوەندی نێوان ئەو زانیاریانەی کە وەری ئەگرێ دەربارەی جیهانی هەستی و نادیار بە چۆنێتی دیاری کردنی تەکالیف واتە دانانی ئەحکام و هەڵوێست لەمەڕ ڕووداو و شتە جۆراو جۆرەکان لە گشت ڕوویەکی ژیانەوە ... ئایا پەیوەندی هۆدارێتی ڕاستەوخۆ ( العلاقة العلية ) لە نێوان ئەو دوو مەسەلەیەدا هەیە ؟ بە واتایەکی ڕۆشنتر : ئایا ئەگەر یەکەمیان زانرا ، ئەوا مرۆڤ ئەتوانێ ڕاستەوخۆ دووەمیان بزانێت ؟

ئەم باسە ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ بەهۆی دەزگاکانی وەرگرتنی زانستەوە کە بریتین لە بینین و تێگەیشتن و بیستن ( البصر والقلب والسمع ) بە تەعبیری قورئانی ، ئەتوانێ لە سنوورێکی دیاری کراودا

تەنها راستی یەکان بزانێت ، واتە ئەو شتانەی کە ( هەیەو نیە ) ئەیان گرتەوە . بەڵام تەکالیف و ئەحکامی ژیان واتە ئەو شتانەی کە ( ئەبێ و نابێ ) ئەیان گرتەوە ، مەسەلەیەکی اعتباریە و هیچ جۆرە پەیوەندی یەکی هۆدارێتی راستەوخۆ لە نێوان ئەو دوو بوارەدا نیە . بۆیە مرۆڤ ناتوانێت راستی یەکان ( الحقائق ) بکاتە پێشەکیی و رێگە خۆشکەرێک بۆ دیاری کردنی تەکالیف و ئەحکام . چونکە حەزو ئارەزووەکان و بەرژەوەندی یە تایبەتیەکان لەو بوارەدا رۆڵی کاریگەریان هەیە . دیارە ئەوەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو ، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو ، لەزەمانێکەوە بۆ زەمانێکی تر دەگۆرێت ، بەبێ ئەوەی پێوەرو بنەمایەکی نەگۆر و دامەزراو رێکیان بخات . کەواتە مرۆڤ پێویستی بەسەرچاوەیەکی تر هەیە کە بەلای کەم ئەو پێوەرو بنەما نەگۆر و دامەزراوەی لێ وەربگرێ . ئەو سەرچاوەیەش دیارەکە سروشی خوایی ( الوحي الالهي ) یە کە لەدواشێوەیدا لە رێگای قورئانەوە پێشکەش بە مرۆڤایەتی کراوە .

ئەمەو باسەکە گەلێ بابەت و روونکردنەوەی گرنگی لەخۆ گرتووە کە هیوادارین سوود بەخش بێت و خوای میهرەبان بیکاتە مایەی رێنمایی ئیمە و پلەو پاداشتی مەزن بۆ مامۆستای شەهید تۆمار بکات .

**عبدالله علی**



# بنەڕەتی مرۆڤ

مرۆڤ یەکێکە لە دروستکراوە جۆر بە جۆرەکانی ئەم زەوی یە و تاقە دروستکراو نیە بەڵکو گەلێ نەژادو جۆری تر لە گەڵیا بەشداری ژیان ئەکەن . بەڵام ئاشکرایە کە مرۆڤ باڵاترینی هەموویانە و دروستکراوەکانی تر هەموو خزمەتگوزاری مرۆڤن .

ئەتوانین بەپێی رێکخستنی سەرەو ژوور ، دروستکراوەکان لە سادەترینەوە بۆ باڵاترین بەم شێوەیەی خوارەوە رێز بکەین :

١- مادده ، ٢- رووەک ، ٣- گیانەوەر ، ٤- مرۆڤ .

لێرەدا بە کورتی باسی هەریەکە لەمانەی سەرەوە ئەکەین :

**١- مادده** : لە بنەڕەتا کۆمەڵە توخمێکە کە هەریەکەیان چەند خاسیەت و سیفەتێکی تایبەتی هەیە وەک : بارستایی دۆخ و چالاکی کیمیایی کە بە هۆیانەوە کارلێکردن و کارتێکردن لە نێوانیاندا روونەدات و جوولەی گەردوون بە پێی ئەو رێبازەی خوای پەروەردگار دیاری کردووە بەرەو تەواوخوازی ( التكامل ) ئەروات . بۆ نموونە : یەک ئەتۆم لە ئۆکسجین لە بارێکی تایبەتی دا لەگەڵ دوو ئەتۆمی گازی هایدرۆجیندا یەک ئەگرێت و ئاو دروست ئەکەن کە ماددەیەکی تەواوترە لە خۆیان . بەهۆی ئەم خاسیەت و سیفەتانەوە کە ماددە جیاوازەکان هەیانە ، گەردوون لە سادەترین پلەی بوونەوە کە دووکەڵ بووە - وەک قورئان ئیشارەتی بۆ ئەکات و زانستی نوێ

ئەی‌سەلمێنێت - گەیشتوە بەم بارەی کە ئێستا ئەیبینین .

ووزەش بە گشت جۆرەکانی‌یەوە ، شێوەیەکی تری ماددەیەو لە یەکتر جیا ناکرێنەوەو بەهۆی هەردووکیانەوە جووڵە لەگەردووندا بەردەوامە و کارلێکردنەکان ڕوودەدەن .

٢- **ڕووەک** : لەجیهانی ڕووەکدا جگە لە خاسیەتەکانی ماددە ، چەند خاسیەتێکی تەواوتر هەیە کە بنچینەکەیان ژیانی ڕووەکی‌یە و گرنگترینیان ئەمانەیە :

١ - گەشەکردن ٢ - زۆربوون .

٣- **گیانەوەر** : لە جیهانی گیانەوەرانیشدا چەند خاسیەتێکی تەواوتر بەدی ئەکرێ کە لە ڕووەکدا نیە وەک :

١ - هەستکردن ، ٢ - جووڵە . کەواتە ژیان لە گیانەوەراندا لە ڕووەک بەرزترە .

٤- **مرۆڤ** : هەرچەندە مرۆڤ لە چینی گیانەوەرانە بەڵام زۆر لە گیانەوەران باڵاترە ، چونکە گیانی مرۆڤ زۆر بەهێزترو تیژرو تەواوترە ، مرۆڤ دوو خاسیەتی زۆر گرنگی هەیە :

١ - زانست «العلم» . ٢ - ویست «الإرادە» .

هەر لەبەر ئەم دوو خاسیەتەشە کە بە گیانی مرۆڤ ئەوترێ «الروح» . ڕۆح لە بنەڕەتدا بە واتای هەناسە دێت ، هەناسەش بریتی‌یە لە جووڵەی هەوا لە سی‌یەکان ، کۆئەندامی هەناسەداندا . بۆیە ئەتوانین بڵێین : «ڕۆح» بریتی‌یە لە هێزی جووڵێنەر ، هەرچەند



لە ڕووەک و گیانەوەرانیشدا هەیە ، بەڵام وەک ئەوەی لە مرۆڤدایە تیژرو تەواو نیە ، بۆیە پێی ناوترێ : ڕۆح . ئەم دوو سیفەتە گرنگەی کە لە مرۆڤدا هەیە ، کاریگەریی ڕۆحەکەیەتی . مرۆڤ بە هۆی سیفەتی زانستەوە ئەتوانێ ئەم ڕاستی‌یانەی خوارەوە تێ بگات :

١ - مرۆڤ ئەتوانێ سیستەم و یاساکانی گەردوون تێ‌بگات و بزانێت کە دروستکراوەکان و ڕووداوەکان جیاجیاو بێ‌پەیوەندی نین ، بەڵکو بەگوێرەی یاساو بەرنامەیەک بەڕێوە دەبرێن .

٢ - هەست ئەکات کە هەریەکە لە دروستکراوەکانی ئەم جیهانی ماددی‌یە بەڵگە و نیشانەیە بۆ «وجود»ێکە لەودیو گەردوونەوەیە ، بە پێچەوانەی گیانەوەرانەوە کە ئەم تواناییەیان نیە .

٣ - لە مەیدانی ژیاندا ئەتوانێ ڕێبازی جیاجیا بۆ ژیان بینش[١] بکات و چاک ( خراپ و دروست و نادروست لە یەکتر جیا بکاتەوە .

ویست « إرادة » : ئەوەیە کە مرۆڤ دوای ئەوەی چەند ڕێبازێکی جیاجیای بۆ ژیان بینش کرد ، ئەتوانێ یەکێکیان هەڵبژێرێت و لەسەری بڕوات ، یان ئەتوانێ ڕێبازێکی ژیان واز لێ‌بهێنێ و بچێتە سەر ڕێبازێکی تر . بەهۆی ئەم دوو سیفەتەی سەرەوە ، ( واتە زانست و ویست ) مرۆڤ لە گیانداران جیا کراوەتەوەو لە گەردووندا ڕێزێکی تایبەتی پێ‌دراوە و ڕۆڵی کاریگەری هەیە .

(١) بینش : ووشەیەکی فارسی یە بە مانای ( التصور ) دێت

# ڕوونکردنەوەی سیفەتی زانست لە مرۆڤدا

کاتێک منال لە دایک ئەبێت ، دیارە لە نزمترین پلەکانی زانستدایەو تەنها هەست بە گەرماو سەرما و نەرمی و ڕەقی ئەکات ، ئەوەش بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوەیە . ئینجا وردە وردە هەستەکانی تری [ بیستن ، بینین ، چەشتن ، بۆنکردن ] یەک لەدوای یەک بەڕێز ئەکەونە ئیش کردن . بەڵام لەسەرەتاوە تا ماوەیەک هەروەک گیانەوەران کاتێ شتێک یان ڕووداوێک ئەبینێ ، تەنها هەست بەو شتە ئەکات و ناتوانێ پەیوەستی بکات لەگەڵ شتەکان و ڕووداوی تردا و بزانێت کە ئاخۆ لەیەک ئەچن یان جیاوازن . ئەگەر جارێک سەرنجی لە ڕووداوێک داو جارێکی تریش هەمان ڕووداوی بینییەوە، بەلایەوە ڕووداوێکی نوێیەو تێناگات کە هەردووکیان یەک شتن و لە سەرچاوەیەکەوە دەرچوون . ئینجا وردە وردە تەمەنی زیاد ئەکات و تێئەگات کە ئەتوانێ ئەم دروستکراوو ڕووداوانە پۆل پۆل جیا بکاتەوەو هەریەشێکیان چەند سیفەتێکی تایبەتیان هەیە و بەپێی یاسایەکی دیاریکراو بەڕێوە دەبرێن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەم بوارەدا بەرەو پێش ئەڕوات تا ئەگاتە ڕادەیەک کە زۆر لە یاساکانی جیهانی ماددی تێئەگات ، واتە : یاساکانی فیزیاو کیمیاو بایۆلۆجی و گشت زانستە تاقیکاریەکان . بۆ نموونە : مرۆڤ جارێک کاسەیەک ئاو گەرم ئەکات و دوای وەرگرتنی بڕێک گەرمی ئەبینێ



ئاوەکە دێتە کوڵ . ئەگەر چەند جارێک ئەم کردارەی دووپات کردەوەو هەمان ئەنجامی بینی ، ئیتر تێئەگات کە ئەو ڕووداوەی بۆ یەکەم جار هەستی پێ کردبوو ، ڕووداوێکی ڕێکەوتی نەبووەو ئەتوانرێ چەند جارێکی تریش دوبارە بکرێتەوە . ئینجا ئەگەڕێ بەدوای ئەوەدا کە ئەبێ پەیوەندیەک هەبێ لە نێوان گەرمی و کوڵاندنی ئاودا ، بۆیە هەمیشە پاش وەرگرتنی بڕێک گەرمی دێتە کوڵ . بۆ دڵنیابوون لەم ئەنجامە لە چەند شوێن و کاتێکی جیاوازدا ئاو گەرم ئەکات ، هەموو جارێک سەیر ئەکات کە بڕێکی دیاریکراو لە ئاوی پاک دوای وەرگرتنی بڕێکی دیاری کراو لە گەرمی دێتە کوڵ . ئەگەر بە گەرمی پێوی سەدی پێوانە بکرێت ، ئەڵێین : ئاوی پاک هەمیشە لە پلەی ( ١٠٠°س )دا دێتە کوڵ .

نموونەیەکی تر : زانایەکی کیمیا لە تاقیگەیەکدا بە ڕێگای شیتەڵکردنی کارەبایی ، بڕێک ئاو شیتەڵ ئەکات بۆ دوو جۆر گاز ، سەیر ئەکات یەکێکیان هایدرۆجینە و ئەویتریان ئۆکسجینە و قەبارەی هایدرۆجینەکە دوو ئەوەندەی ئۆکسجینەکەیە . چەند جارێک ئەم کردارە دووپات ئەکاتەوە و هەموو جارێک هەرهەمان ئەنجامی دەست ئەکەوێت . لێرەدا یاسای پێکهاتنی ئاو ئەدۆزێتەوە .

یاساکانی زانستە تاقیکاریەکان ، هەموویان لەم بابەتەن : لەپێشا سەرنج لە ڕووداوێک ئەدرێ ، ئینجا چەند جارێک لە سروشت یان لە تاقیگەدا دووپات ئەکرێتەوە ، هەموو جارێک هەرهەمان ئەنجام دەست ئەکەوێت .

لێرەدا یاسایەک ئەدۆزێتەوە کە حاکمە بەسەر ماددەدا و ئەو ڕووداوەی لێ دەرکەوتووە .

# دەزگاكانی وەرگرتنی زانست لە مرۆڤدا

### ١ - بینین « البصر » :

ئەو دەزگایەی كە لە مرۆڤدایە و بەكاری ئەهێنن بۆ سەرنجدان و تاقیكردنەوەو ئەنجام لێدەرهێنان ، قورئان بە ووشەی « البصر » ناوی ئەبات . دیارە كە ( البصر ) جیاوازە لە « العین » كە چاوە ، چونكە گیاندارانی تریش « عین » واتە چاویان هەیە . بەڵام قورئان تەنها بۆ مرۆڤ ( البصر ) بەكارئەهێنێ لەمەوە دەرئەكەوێ كە (البصر) هێزێكی تایبەتیەو خوا بە مرۆڤی بەخشیوەو تەنها چاو نیە . هەرچەند سەرەتاكەی چاو پێكەوتنە ، بەڵام تەنیا چاو پێكەوتنیش نیە . ئەتوانین بڵێین : ( البصر ) ئەو هێزەیە كە مرۆڤ بەهۆیەوە هەست بە یەكێ لە ڕووداوەكانی گەردوون ئەكات و ئینجا هەڵئەسێ بە ئازمایشكردن و دووپاتكردنەوەی ، تا دڵنیا ئەبێ كە ڕووداوەكە ڕێكەوتی نەبووە . بەڵكو بەپێی یاسایەك ڕووئەدات ، ئەو یاسایەش دەرئەهێنێ . بە كورتی (البصر) بریتیە لە توانای سەرنجدان و تاقیكردنەوەو ئەنجام لێدەرهێنان . بێگومان ئەم توانایە لە گیانداران و دروستكراوەكانی تری ئەم گەردوونەدا نیە .

بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین كە جگە لەوەی لەسەرەوە باسمان كرد ، ئەم دەزگایە ناتوانێ هیچی تر بكات . واتە ناتوانێ لە سنووری



جیهانی ماددی دەربچێت و لەودیو جیهانی ماددە تێبگات .

ئەگەر ئەم بۆچوونە بە جوانی ڕوون ببێتەوە ، ئەوا زۆرێك لەو پەهەڵەدا چوونە ڕاست ئەبێتەوە كە زاناو فەیلەسوفەكانی كۆن و نوێ تێی كەوتوون و مرۆڤایەتیان دوچاری چەندەها گیروگرفتی ئاڵۆز كردوە . وەك ئەزانین هەندێ لە ڕێبازە فەلسەفیەكان وەك ماركسیزم بەرنامەی ژیانیان بۆ مرۆڤ داناوەو ئەڵێن كە ڕێبازەكەیان ، ڕێبازێكی زانستیانەیەو مەبەستیان لە زانست : زانستی تاقیكاریە . واتە : یاساكانی ژیانی مرۆڤایەتیان لە ڕێگای سەرنجدان و تاقیكردنەوەو ئەنجام لێدەرهێنانەوە دۆزیوەتەوە . لە ڕاستیدا ئەمە بۆچوونێكی ناتەواوە و دوورە لە بەرنامەی زانستكاریەوە پشت بە خوا لە بەشەكانی ئەم باسەدا بە جوانی ئەم مەسەلەیە ڕوون ئەكەینەوە .

### ٢ - ژیری و تێگەیشتن « القلب » یان « الفؤاد » :

دوای ئەوەی مرۆڤ بە یارمەتی ( البصر ) واتە هێزی سەرنجدان هەندێ لە یاساكانی گەردوونی دۆزیەوە ، ئینجا هێزێكی تری وەرگرتنی زانست ئەكەوێتە ئیش . بێگومان كاتێ مرۆڤ یاسایەكی دۆزیەوە ، بیر لەوە ئەكاتەوە كە ئەبێ خاوەن فیكرو ژیریەك هەبێ كە شوێن و كات و چۆنیەتی و چەندایەتی پێش بینی كردبێ و نەخشەیەكی تەواوی بۆ دانابێ، بۆ ئەوەی ئەو دروستكراوە لەبار بێت بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستەی كە بۆی تەرخان كراوە . لێرەدا مرۆڤ هەست بە بوون «وجود»ێك ئەكات كە لەو دیو ماددەوەیە . واتە

کاتێک مرۆڤ یاسایەک کەشف ئەکات ، تێ ئەگات کە یاسا دانەرێکی هەیە ، وە کاتێ ڕێکخستن « نظام »ێکی بۆ دەرکەوت ، دڵنیایە کە ڕێکخەرێکی هەیە . کەواتە ئەم جیهانی ماددی یە ئەکات بە بەڵگە بۆ بوونێک کە لەو دیو جیهانی ماددی یەوەیە . هەروەها هەرڕوویەک لە ڕووەکانی یاساکانی گەردوون سیفەتێک لە سیفەتەکانی ئەو ( وجود )ەی لێ ئەدرەوشێتەوە . بۆ نموونە : کاتێ مرۆڤ تێ ئەگات کە دروستکراوەکانی گەردوون ، هەریەکەیان لە شوێنی لەبارو گونجاوی خۆیدایە و بە ڕێکوپێکی فەرمان و مەبەستی پێویست بەجێ ئەهێنن ، ئەگەر بێتو لەو شوێنەدا لابرێت یان خاسیەتەکانی دەستکاری بکرێت ، ئەوا تێک ئەچێت و ناتوانێ فرمانی خۆی بەجێ بهێنێ . لێرەدا مرۆڤ تێ ئەگات کە ئەو خاوەن (وجود)ە حەکیم و کاردروستە . هەروەها لە وردەکاری و ڕێکوپێکی یاساکاندا ، زانینی بێ پایانی بۆ دەرئەکەوێت . بەم شێوەیە زۆر سیفەتی تری بۆ ئاشکرا ئەبێت .

بەکورتی ئەتوانین بڵێین : هێزێک لە مرۆڤدا هەیە کە دوای هێزی سەرنجدان ( البصر ) ئەکەوێتە ئیش ، ئەتوانێ زاتی خواو سیفەتەکانی دەرک بکات . وە تا مرۆڤ زیاتر زانستی دەربارەی جیهانی ماددی پەیدا بکات ، چاکتر سیفەتەکانی خوای بۆ ڕوون ئەبێتەوە . قورئانی پیرۆز بە ووشەی « القلب » یان ( الفؤاد ) ناوی ئەم هێزە ئەبات واتە ژیری و تێ گەیشتن . بەڵام فەیلەسوفەکان ووشەی « الذهن » یان ( العقل )ی بۆ بەکارئەهێنن .



قورئان کە ووشەی ( القلب ) یان ( الفؤاد ) بەکارئەهێنێ ، مەبەستی ئەوەیە کە تەنها زانینێکی وشک و بێ جووڵە سوودبەخش و کاریگەر نیە . چونکە زانینێک سوودبەخش ئەبێت و بۆ ئەوە ئەشێ کە پێ ی بوترێ زانست کە مرۆڤ بگۆڕێت و بیخاتە جووڵە وەک ووشەی( القلب ) دەری ئەخات ، وە بی بزوێنێ و پڕی بکات لە عەشق و خرۆش بۆ ئەنجامدانی کاری ئیجابی و بنیات نەر ، وەک ووشەی ( الفؤاد ) ئیشارەتی بۆ ئەکات .

بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە ، دڵ ( القلب ) سود لە دەسکەوتی ( البصر ) وەرئەگرێت . مرۆڤ بەهۆی هێزی سەرنجدانەوە هەندێ لە یاساکانی گەردوون ئەدۆزێتەوە ئینجا هێزی تێ گەیشتن ئەم دەسکەوتە ئەکات بە پێشەکی یەک بۆ ناسینی خالق و ئەو سیفەتەی کە پەیوەندی بەو یاسایانەوە هەیە . چونکە هەرڕوویەک لە یاساکانی گەردوون بەڵگەیە بۆ یەکێک یان زیاتر لە سیفەتەکانی خوا .

ئائێرە بۆمان ڕوون بوویەوە کە ڕمرۆڤ بەهێزی سەرنجدان و هێزی تێ گەیشتن ( البصر والقلب ) ئەتوانێ لە سنورێکدا جیهانی ماددە و ئەودیو ماددە بناسێت . بێ گومان ناسینی جیهانی ئەودیو ماددە بەندە بەناسینی ئەم جیهانەوە . واتە تا چ ڕادەیەک مرۆڤ ڕاست و دروست ئەم جیهانی ماددەیە بینش بکات و لێ ی تێ بگات ، ئەوا چاکتر ئەتوانێ جیهانی ئەودیو ماددەش دەرک بکات .

هەموو دروستکراوێک لەم گەردوونەدا بەڵگەیە بۆ یەکێک یان زیاتر لە سیفەتەکانی خالق ، بە مەرجێ بەچاوی بەڵگەوە بۆیان

بڕوانێت . ئاشکرایە کـــە مــــرۆڤ لە گـــشـت ســـەردەمـــێـکدا دروســتکراوەکـانی خـوا و هەندێ لە یاسـاکـانیشی زانـیوە ... بەڵام بۆچی زۆربەی مرۆڤەکـان مـاناو مـەبەستی ئەم بەڵگانە تێ‌ناگەن ؟! هۆکەی ئەوەیە کاتێ مرۆڤ تەماشای ئەم دروستکراوانە ئەکات ، ئەبێ بەچاوی بەڵگەو نیشـانەوە بۆیان بڕوانێت ، ئەگینا لەم ڕووەوە هیچ سوودێکیـان لێ‌وەرناگرێ . بۆ نموونە : شۆفـێرێک بە ئۆتۆمبیلەکەی بەســەر ڕێگایەکدا ئەڕوات ، جـار جـار لە قـەراغی ڕێگاکـەوە سـەیر ئەکات کە تابلۆیەک داچەقێنراوەو ئیشـارەتێکی لەسەر وێنە کراوە بۆ پێچێک یان پردێک یان هەرشتێکی تر . ئەگەر کەسێک سەیری ئەم تابلۆیانە بکات بەبێ ئەوەی بیـر لەوە بکاتەوە کـە ئەم شـتـانـە پەیوەندی‌یان بە ڕێگاکەوە هەیە ، ئەوا هیچ مانایەکیان لێ تێ‌ناگات، ئەوەندە ئەبێ کە ئەمانە چەند پارچە لەوحێکن و لەم قەراغ ڕێگایەدا داچەقێنراون و خەتێکی ڕاست یان چەماوە ، یان وێنەیەکیان لەسەر کێشراوە . کاتێک لێ‌یان تێ‌ئەگات و سوودیان لێ وەرئەگرێ کە بە چاوی بەڵگەوە بۆیان بڕوانێ و بزانێ کـە پەیوەندی‌یان بەو ڕێگایەوە هەیە کە ئەو بەسەریا ئەڕوات .

مرۆڤیش کاتێ تەماشای دروستکراوەکانی ئەم گەردوونە ئەکات ، ئەگـەر بە ڕووتی تەمـاشـایان بکات ، بەبێ ئەوەی کـە ئەگـونجێ پەیوەندی‌یان بەشـتێکی ترەوە هەبێ ، ئەوا بیـر لەوە ناکـاتەوە کـە بەڵگەو نیشـانەن بۆ شتێکی تر . کەواتە ئەگەر بەچاوی بەڵگەوە سەیریان نەکات، ئەوا هیچ سودێکیان لێ وەرناگـرێت ، وەک خوا



لە قـورئـانـدا بـاســیـان ئەکـات : ﴿ يَعْلَمُونَ ظَاهِراً مِنَ الحَيَاةِ الدُنيا وَهُمْ عَنِ الآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ ﴾[١] ئەدنیا ڕواڵەتێک ئەبێ هیچی تر نازانێ .

(١) سورەتی الروم / ٧

واتە : « بێ باوەڕەکان تەنها ڕواڵەتێکی مـاددی و ڕووی دەرەوەی ئەژیانی دنیایە ئەزانن ، وە ئەوانە لە ڕۆژی دوایی و پەیوەندی ئەم جیهانە بە قیامەتەوە بێ‌ئاگان » .

## « حەقایق و إعتباریات »

ئەگەر ئەو دوو هێزەی سەرەوە ( البصر والقلب )ی مرۆڤەکان کۆ بکرێتەوە ، ئەوپەڕی تواناکەیان بریتی یە لە زانینی یاساکانی جیهانی ماددی و ناسینی خواو سیفەتە مەزنەکانی .. بەڵام ئەمە احتمالێکی لاوازەو کاتێکی دوورو درێژی ئەوێ بۆ ئەوەی مرۆڤ بگات بەم ئەنجامە پیرۆزە ، چونکە گەلێ کۆسپ لە رێگادایەو مرۆڤ ناتوانێ بەچاکی سود لەم دوو هێزە وەربگرێ . مێژوو شایەتە کە مرۆڤەکان بەگشتی هەرگیز سوودی تەواویان لە زانست وەرنەگرتووە و لە مەولایش ئومێد نیە کە ئەم ئامانجە بێتەدی بەڵکو سود لێ وەرگرتنە کە رێژەی یە و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر یان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت . بەڵام گریمان مرۆڤ توانی سوودی تەواو لەم دوو هێزە وەربگرێت و هەموو یاساو وردەکاری یەکانی جیهانی ماددی دۆزیەوە ، هەروەها زاتی خواو سیفەتەکانی و هەموو جیهانی غەیبیشی بۆ روون بوویەوە .

ئەگەر مرۆڤ هەموو ئەمانەی زانی کە لە سەرەوە باسمان کرد ، مانای ئەوەیە کە مرۆڤ هەموو حەقایقی زانیوە ، واتە : زانیویەتی کە چ شتێ هەیەو چی تر نیە . بۆ نموونە : زەوی بە دەوری خۆیدا ئەسورێتەوە و جێگیر نیە . یان خوا هەیەو هاوبەشی نیە . کەواتە هەموو دەسکەوتی هێزی ( البصر والقلب )ی



مرۆڤ لە [ هەیەو نیە ]دا کۆ ئەکرێتەوە .

لێرەدا ئەتوانین بڵێین : مرۆڤ بەهۆی ئەم دوو هێزەوە بەتەنها ناتوانێ لە مەیدانی : [ ئەبێ ئەوە بکات وەنابێ ئەوە بکات ]دا نیش بکات ، واتە ناتوانێ ئەحکام یان تەکالیف بۆ ژیان دابنێ .

ووشەی رەوشت « أخلاق » هەر ئەم واتایە ئەگرێتەوە . واتە : بریتی یە لە کۆی ئەو [ ئەبێ وە نابێ ]یانەی کە بۆ ژیانی مرۆڤ پێشنیار ئەکرێت . مرۆڤ ئەگەر بیەوێ بە راستی پەیڕەوی مەیل و ئارەزووی خۆی ئەکات ، ناتوانێ لە رێگای ئەم دوو هێزەوە ئەحکام بۆ ژیانی خۆی دابنێ. چونکە ئەم دوو هێزە تەنیا لە مەیدانی [ هەیە و نیە ]دا نیش ئەکەن ، بەڵام [ ئەبێ و نابێ ] جیاوازن لە [ هەیەو نیە ] .

**سەرجەمی ئەو زانراوانەی کە مرۆڤ بینیشیان ئەکات و دێنە مێشکیەوە دوو جۆرن :**

«١» حەقایق «٢» اعتباریات

١- **حەقایق** : ئەو شتانەن کە ئەگەر مرۆڤ بیانزانێ یان نەیانزانێ خۆیان هەن یا نین . زانین و نەزانینی مرۆڤ هیچ کاریگەریەکی لە بوون و نەبوونیاندا نیە . بۆ نموونە : ئەستێرە گەرۆکەکانی دەوری خۆر ، هەندێکیان هەر لە کۆنەوە مرۆڤ ئەیانزانێ و ئەوانی تریشیان لەم دوایی یەدا دۆزراونەتەوە ، پێش ئەوەی بیاندۆزێتەوە خۆیان هەرهەبوون ، زانینی مرۆڤ پەیدای نەکردوون ، زانین و نەزانینی مرۆڤ هیچ کارێکی لە بوون و

نەبوونیاندا یە . کەواتە حەقایق ئەو زانراوانەیە کە بە اعتبارو بڕیاردانی مرۆڤ نین و خۆیان لە دەرەوەدا هەن و زانینی مرۆڤ هیچ کارێکی لە بوون و نەبوونیاندا نیە .

بەڵام اعتباریات بەم شێوەیە نین کە مرۆڤ بیەوێ یان نەیەوێ ئەوان هەر بن یان نەبن . بەڵکو بەستراون بە بڕیارو دانانی مرۆڤەوە . بۆ نموونە خاوەندارێتی ( الملکیة ) : من ئەڵێم : من خاوەنی ئەم پارچە زەوی‌یەم .. لێرەدا ئەبێ ئەوە بزانین کە بەکارهێنانی خاوەندارێتی ( الملکیة ) بۆ خوا جیاوازە لەو واتایەی کە بۆ مرۆڤ بەکارئەهێنرێ . کاتێک ئەڵێین : خوا خاوەنی شتێکە ، مەبەست دوو شتە : **یەکەم** : لە سەرەتاوە ئەو شتەی بە سیفەت و خاسیەتەکانیەوە لە نەبوون پەیدا کردوە. **دووەم** : مانەوەی ئەو شتەی بە دەستەو ئەو بەڕێوەی ئەبات : ﴿ ألا له الخلق والأمر ﴾ (الأعراف / ٣٩) . کەواتە : شتەکان لە بوون و نەبووندا بەندە بەخواوە ، ئەگەر خوا خەلقی نەکردایە نەئەبوو وە ئەگەر دەستی لێ بەردا لەناو ئەچێت . ئەمە واتای خاوەندارێتی‌یە بۆ خوا . بەڵام کاتێ ئەڵێین : مرۆڤ خاوەنی شتێکە ، واتایەکی تری هەیە . کاتێک ئەڵێم: من خاوەنی ئەم پارچە زەوی‌یەم ، مانای ئەوە نیە کە من پەیدام کردوە یان بەپێی یاسایەک کە من بۆم داناوە ئەمێنێتەوە ، بەڵکو مانای ئەوەیە کە من ئەتوانم سوودی لێ وەربگرم ، ئەتوانم خانوویەکی تێدا دروست بکەم یان بە هەرشێوەیەکی تر کە بتوانم بەکاری بهێنم . خاوەندارێتی (الملکیة) بەم واتایە مەفهومێکی



( اعتباري ) یە ، بەڵام بەو واتایەی کە بۆ خوا بەکارئەهێنرێ مەفهومێکی حەقیقیە . واتە : ئەگەر ئێمە بزانین خوا دروستکەری ئەو شتەیە یان نەزانین هیچ کارێک ناکاتە سەر مولکیەتی خوا بۆی یان بۆ خودی شتەکە . بەڵام مولکیەت بۆ مرۆڤ بەم واتایە نیە ، مولکیەتی من بۆ پارچە زەوی‌یەکە مەفهومێکی حەقیقی نیە ، بەڵکو مەفهومێکی اعتباریە و بەگوێرەی بڕیارو دانانی ئێمەیە .. چۆن ؟

تا ئەم ساتە من خاوەنی ئەم پارچە زەوی‌یەم ، واتە ئەتوانم بەکاری بهێنم و سوودی لێ وەربگرم . بەڵام ئەتوانم بی‌فرۆشم یان بیبەخشم ، یان بە هەر شێوەیەکی تر کە ئیتر ئەتوانم بەکاری بهێنم و سوودی لێ وەربگرم . تا ئەم ساتە من خاوەنم و ئەتوانم بەکاری بهێنم و سوودی لێ وەربگرم ، بەڵام لەم ساتە بەدواوە ناێ بەکاری بهێنم ، چونکە لە مولکیەتی من دەرچوو . ئەگەر ئەم مولکیەتە حەقیقی بوایە وەک بوونی خودی پارچە زەوی‌یەکە ، ئەوا بە بڕیارو کرداری من یان کەسێکی تر نەئەگۆڕرا . مولکیەت بەم واتایەی کە بۆ مرۆڤ بەکارئەهێنرێ مەفهومێکی اعتباریە . مرۆڤ بەهۆی دوو دەزگاکەی سەرەوە ( البصر والقلب ) ، ئەتوانێ تەنیا حەقایقەکان ( هەیە و نیە ) بزانێ ، واتە ئەو شتانەی کە هەن یان نین و زانین و نەزانینی مرۆڤ هیچ کارێک ناکاتە سەر بوون و نەبوونیان ، بەڵام بەهۆی ئەو دوو هێزەوە ناتوانێ اعتباریات دەرک بکات ، واتە ئەو مەفهومانەی کە بەستراون بە بڕیارو دانانی مرۆڤەوە

(ئەبێ و نابێ) . چونکە (البصر) سەرنجی شتێک یان ڕووداوێک ئەدات و چەند جارێک دوبارە ئەبێتەوە یان تاقیکردنەوەی لەسەر ئەکات تا ئەگاتە ئەنجامێک یان یاسایەک واتە حەقیقەتێک . بەڵام اعتباریات جگە لەوەی کە بڕیارو دانانی مرۆڤە ، شتێک نیە کە سەرنجی لێ بدرێ وە دوبارە ببێتەوە یان تاقیکردنەوەی لەسەر بکرێ و ئەنجامێکی لێ‌دەربهێنرێ . دڵ (القلب)یش دەسکەوتی (البصر) ئەکات بە پێشەکیەک بۆ ناسینی وجودێک کە لەو دیو ماددەوەیە . واتە : دەزگای یەکەم بەبێ دەزگای دووەم ناتوانێ ئیش بکات . ئاشکرایشە کە یەکەم کاری بە اعتباریاتەوە نیە کەواتە دووەمیش کاری پێیانەوە نیە .



# پەیوەندی نێوان حەقایق و اعتباریات

ئێستا لە ڕوویەکی ترەوە لەم مەسەلەیە ئەکۆڵینەوە ، ئایا هەروەک توانیمان جیهانی ماددی بکەین بەبەڵگە لەسەر بوونی خواو جیهانی ئەودیو ماددە ، هەروەهاش ئەتوانین حەقایق بکەین بە بەڵگە بۆ زانینی اعتباریات ؟ بەدەربڕینێکی تر : ئایا ئەتوانین لەو زانیاری‌یانەی کە دەستمان ئەکەوێ دەربارەی جیهانی ماددی و ئەودیو ماددەش ، ئەتوانین ئەحکام بۆ شتەکان و ڕووداوەکان دانێین ؟

لە وەڵامدا ئەڵێین : ئەنجام لێ دەرهێنان و (استدلال) کردن ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە و بە ئارەزووی خۆمان ناتوانین شتێ بکەین بە بەڵگە بۆ شتێکی تر .

**وە ئەو ڕێگایانەی کە مرۆڤ بتوانێ بەهۆیانەوە لە بەڵگەوە ئەنجام دەربهێنێ لەم سێ ڕێگایەی خوارەوە زیاتر نیە :**

(١) عیللەت بکرێ بەبەڵگە بۆ زانینی مەعلول .

(٢) مەعلول بکرێ بەبەڵگە بۆ زانینی عیللەت .

(٣) مەعلولێک بکرێ بەبەڵگە بۆ زانینی مەعلولێکی تری هەمان عیللەت .

کەواتە تەنیا لە چوارچێوەی یاسای هۆداری (قانون العلیة)دا

ئەتوانین شتێک بکەین بەبەڵگە بۆ شتێکی ترو ئەنجامی لێ دەربهێنین . بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە تێ بگەین ، چەند نموونەیەک پێشکەش ئەکەین :

**نموونەی یەکەم** : لە دوورەوە شەو ئاگر بەدی ئەکەین ڕاستەوخۆ تێ ئەگەین کە لەم کاتەدا ماددەیەک ئەسووتێ . واتە : ئاگر کە عیلەتە کردمان بەبەڵگە بۆ زانینی مەعلولەکەی کە ماددە سوتاوەکەیە .

**نموونەی دووەم** : لە جێگەیەکدا کەمێک خەڵوز یان خۆڵەمێش ئەبینین . ڕاستەوخۆ تێ ئەگەین کە لەم شوێنەدا ئاگرێک کراوەتەوە ، هەرچەندە ئاگرەکەش دوایی هاتبێ / واتە : خۆڵەمێش کە مەعلولە کردمان بەبەڵگە بۆ زانینی عیلەت کە ئاگرە .

**نموونەی سێهەم** : جارێکی تر ئەتوانین خەڵوز یان خۆڵەمێش بکەین بەبەڵگە بۆ بوونی دوکەڵ . چونکە خەڵوز و دوکەڵ پێکەوە دوو مەعلولن بۆ هەمان عیلەت . کەواتە مەعلولێک کە خەڵوزە کردمان بەبەڵگە بۆ زانینی دوکەڵ کە مەعلولێکی تری هەمان عیلەتە کە ئاگرە .

جگە لەم سێ ڕێگایە ، ڕێگایەکی تر نیە بۆ ئەوەی شتێک بکەین بەبەڵگە بۆ زانینی شتێکی تر . چونکە ( استدلال ) کردن ئەوەیە کە مرۆڤ چەند پێشەکیەک بزانێت و ڕاستەوخۆ ئەنجامێک دەربهێنێت بەبێ ئەوەی مرۆڤ هیچ دەستێوەردانێکی تێدا بکات ، ئەبێ پەیوەندیەکی تایبەتی لە نێوان پێشەکیەکان و ئەنجامەکەدا هەبێ . پەیوەندی لە نێوان ئاگرو خەڵوزو دوکەڵدا هەیە ، مرۆڤ تەنیا



نیشی ئەوەیە ، کاتێ یەکێکیانی زانی ، ڕاستەوخۆ ئەوانی تریان ئەزانێ . ئەم پەیوەندی هۆدارێتیە ( العلیة )ی کە لە نێوان شتەکاندا هەیە ، لەم سێ شێوەیەی سەرەوە دەرناچێ . ئەگەر ئەم پەیوەندیە لە نێوان دوو شتدا نەبێ ، ناتوانین یەکێکیان بکەین بەبەڵگە بۆ ئەوی تریان . خۆ ئەگەر کەسێک لاف لێ بدا و بڵێ ئەتوانم ، بێ گومان لاف لێدانێکی بێ بنچینەیە .. هەموو کەسێک بە ئارەزووی خۆی ئەتوانێ شتێک بکات بەبەڵگە بۆ گەیشتن بە شتێکی تر .

بۆ نموونە : « ئەمە خەستەخانەیە ، خەستەخانە پزیشکی تێدایە ، کەواتە ئەم خانووە ئەڕوخێ » . بێ گومان ئەمە ئەنجام لێ وەرگرتنێکی زۆر بێ جێیە ، چونکە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی عیلیەت لە نێوان پێشەکیەکان و ئەنجامەکەدا نیە .

لەپێشەوە زانیمان کە هەموو ئەو زانین و زانراوانەی مرۆڤ هەیەتی دوو جۆرن : **حەقایق و اعتباریات** . حەقایق : مرۆڤ بیان زانێ یان نەیان زانێ خۆیان هەرهەن یان نین . بەڵام اعتباریات بەویستی مرۆڤە ، ئەگەر مرۆڤ بڕیاریدا کە ئەبێ ببێ ئەوا ئەبێ ، وە ئەگەر بڕیاری دا کە نابێ ببێ ، ئەوا نابێ . کەواتە هەرگیز حەقایق ناکرێ بە عیلەت بۆ اعتباریات ، وە نایشکرێ بە مەعلول بۆ اعتباریات ، هەروەها هەردووکیشیان پێکەوە ناکرێن بە مەعلول بۆ شتێکی تر .

ئەگەر حەقیقەتێک عیلەت بێ بۆ اعتباریەک بێ گومان هەر کاتێ عیلەت هەبوو ، ئەبێ مەعلولیش ببێ . حەقیقەتەکە بە ویستی مرۆڤ نیە ، لەبەرئەوەی کە عیلەتە بۆ اعتباریەکە ، کەواتە

ئەبێ اعتباری‌یەکەش بەپێویستی مرۆڤ هەبێ . ئەمەش پێچەوانەی پێناسەکەیەتی . وە هەر بەم شێوەیەش بۆ ئەوانی تر .

بەم شێـوەیە بۆمـان ڕوون بوویەوە کـە هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەکی عیلیەت لە نێوان حەقایق و اعتباریاتدا نیە . کەواتە هەرگیز ناتوانین حـەقـایق بکەین بەبەڵگە بۆ دۆزینەوەی اعـتـبـاریات . هەمـوو ئەو زانیاری‌یانەی کە مرۆڤ هەیەتی دەربارەی جیهانی ماددی و ئەودیو مـاددەش ، هەمـووی لەبەشی حـەقـایقـە ناتوانین یەک دانە لە اعتبارباتی لێ‌دەربهێنێن .



## ئەحکامی ژیان لە بەشی اعتباریاتە

ژیانی مرۆڤ بریتی‌یە لە ئەبێ و نابێ ، واتە بریتی‌یە لە ئەحکام . ئەحکامیش هەمـووی لە اعـتـبـاریاتە . هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەکی عیلیەتیش لە نێوان حەقایق و اعتبارباتدا نیە ، مرۆڤ بەیارمەتی هێزی سەرنجدان و تێگەیشتن ( البصر والقلب ) ئەتوانێ تەنیا حەقایق بزانێت . کەواتە ناتوانێ بەهۆی ئەم دوو هێزەوە ئەحکام بدۆزێتـەوە واتە ناتوانێ (ئەبێ و نابێ )کـان دیاری بکات ، چونکە ئەحکام لە بەشی اعتبارباتە. ئەی چارەی چی‌یەو ڕوو بکاتە کوێ ؟!

ئاخۆ مرۆڤ هێزێکی تری ئەبێ کە لەم بوارەدا سود بەخش بێت ؟ بێ‌گومان هێزێکی تری هەیە بۆ وەرگرتنی زانست کە بریتی‌یە لە هێزی بیستن ( السمع ) .

## هێزی بیستن ( السمع )

دوای ئەوەی دڵنیابووین کە بەهۆی دوو هێزەکەی پێشەوە ( البصر والقلب ) ، ناتوانین ئەحکام ( واتە : شەریعەت ) بۆ ژیانی مرۆڤ دابنێین، ئێستا با بزانین ئاخۆ مرۆڤ ئەبێ هێزێکی تری هەبێ کە لەم بوارەدا سودبەخش بێت ؟!

هەموو یەکێ لە ئێمە ئەتوانێ هەست بکات کە هێزێکی تر لە مرۆڤدا هەیە بۆ وەرگرتنی زانست و زانینی شتەکان و ڕووداوەکان .

بۆ نموونە کاتێک یەکێک لە ئێمە نەخۆش ئەکەوێ ، ئەچێتە لای پزیشک و هەندێ دەرمان و ئامۆژگاری لێ وەرئەگرێ . ئەم نەخۆشە هیچ زانینێکی دەربارەی ئەو دەرمان و ئامۆژگاریانە نیە ، لەگەڵ ئەوەشا زۆر بەدڵنیاییەوە دەرمانەکان ئەخوات و ئامۆژگاریەکانیش بەجێ ئەهێنێ . بەهۆی چی یەوە ئەمە ئەکات ؟

دەزگایەکی تر - جگە لە سەرنجدان و تێگەیشتن ( البصر والقلب ) - لە مرۆڤدا هەیە کە بەکاری ئەهێنێ بۆ وەرگرتنی قسەی کەسێکی تر دەربارەی شتێک کە خۆی لێی شارەزا نیە ، بەڵام دڵنیایە کە کەسێکی تر لێی شارەزایە . نەخۆشەکە دڵنیایە لەوە پزیشک دوای ئەوەی چەند ساڵێکی لە کۆلیژی پزیشکی دا بەسەر بردووە ، هەندێ زانیاری دەربارەی نەخۆشی یەکان و دەرمانەکانیان وەرگرتووە کە خەڵکی تر نایزانن . دوای ڕەچاوکردنی دوو سیفەت لەو



پزیشکەدا ئیتر ئەبێتە جێگای بڕوا و متمانەی خەڵکی .
**یەکەمیان** : بریتی یە لە ڕەوشتی گشتی وەک ڕاستگۆیی و دڵسۆزی . **دووەمیان** : بریتی یە لە پسپۆری و شارەزایی لە ڕشتە تایبەتیەکەی خۆیدا . نەخۆشەکە دوای ئەوەی لەم دوو سیفەتە دڵنیا بوو ، ئیتر خۆی ئەخاتە بەردەستی و ئامادە ئەبێ بۆ بەجێ هێنانی فەرمانەکانی و گوێی بۆ ئەگرێ . لێرەدا ئەم نەخۆشە زانیاری یەکی نوێی وەرگرت ، بەڵام بەهۆی دوو دەزگاکەی پێشترەوە وەری نەگرت ، بەڵکو لەم بوارەدا دەزگایەکی تری بەکارهێنا کە پێی ئەوترێ : بیستن ( السمع ) . ئەم هێزە لە ژیانی مرۆڤدا دەورێکی زۆر گرنگی هەیە . ئەگەر ئەم هێزەیان نەبوایە ، مرۆڤەکان نەیان ئەتوانی پێکەوە بژین . چونکە ژیان ئەوەندە فراوان و ئاڵۆزە ، هیچ کەسێک نیە کە بتوانێ هەموو ئەو شتانەی کە پێویستی پێیان هەیە بیان زانێ . بۆیە ئەبێ بۆ زانینی زۆر شت ، گوێ بۆ کەسانی تر بگرێ . هەروەها ئەمیش هەندێ شت ئەزانێ و کەسانی تر گوێی بۆ ئەگرن . ئەم کردارە بریتی یە ( لە باوەڕکردن بە غەیب ) . هەرچەند زۆر لەو کەسانەی کە بە هەڵەدا چوون ئینکاری گەلێ حەقایق ئەکەن و ڕووی لێ وەرئەچەرخێنن و لافی ئەوەش لێ ئەدەن کە هەرشتێک خۆیان نەی بینن و هەستی پێ نەکەن ، ئەوا بوونی نیە و باوەڕی پێ ناکەن، لە هەمان کاتیشدا ڕۆژی هەزاران غەیب ئەبیستن و باوەڕیشی پێ ئەکات . هەر ئەو کەسەی کە ئەڵێ : من باوەڕم بە غەیب نیە ، خۆی ئەخاتە بەردەستی پزیشک و ڕێخۆڵەی هەڵئەدڕێ و عەمەلیاتی

ئەکات . کەواتە باوەڕی بە غەیب هەیە . هیچ کەسێ نیە کە باوەڕی بە غەیب نەبێت ، بەڵام لە بوارێکدا کە پەیوەندی بە ئەحکامی ژیان و پاشەڕۆژیانەوە هەیە ، ئینکاری ئەکەن و ئەڵێن : باوەڕهێنان بە غەیب نیشانەی دواکەوتن و نەزانی‌یە . کەچی کاتێک ئەڕوا بۆ نەخۆشخانە ، یەکێکە لەوانەی کە باوەڕێکی پتەوی بە غەیب هەیە . چونکە گیان و لەشی خۆی ئەخاتە بەردەستی پزیشکێک و گوێ ئەگرێ بۆ هەموو قسەیەکی و جێ‌بەجێ‌ی ئەکات ، بەبێ ئەوەی خۆی هیچ شارەزایی‌یەکی لێ‌یان هەبێ ، ئەم هەڵویستە بریتی‌یە لە ناوەڕۆکی باوەڕهێنان بە غەیب .

ئێستا بزانین ئایا مرۆڤ ئەتوانێ سود لە دەزگای بیستن وەرگرێ بۆ دۆزینەوەی ئەحکامی ژیان ؟ ئەگەر مرۆڤەکان گوێ بۆ یەکتر بگرن ، بێ‌گومان جگە لە حەقایق ناتوانن شتی تر بە یەکتری بڵێن چونکە ئەحکام لە بەشی اعتباریاتە و هیچ کەسێک ناتوانێ لە حەقایق دەریان بهێنێ ، تا بتوانێ بە کەسێکی تری بڵێت . کەواتە گوێ گرتنی مرۆڤەکان بۆ یەکتری ، هیچ سودێکی نیە لەم بوارەدا . بۆیە ئەبێ بە گشتی دەزگای بیستنەکەیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی لەسەرچاوەیەکی ترەوە کە لە دەرەوەی خۆیانەوە بێت ، ئەحکامی ژیان وەربگرن .

ئایا ئەو سەرچاوەیە کامەیە ، کە مرۆڤەکان ئەبێ گوێی بۆ بگرن و ئەحکامی لێ وەربگرن ؟ تا ئەو ڕادەیەی مرۆڤ شارەزایە و هەستی پێ ئەکا ، جگە لە خوای پەروەردگار کە دروستکەری مرۆڤ و هەموو



جیهانیشە ، سەرچاوەیەکی تر نیە کە شایانی ئەوە بێت مرۆڤ گوێی بۆ بگرێ و ئەحکامی ژیانی لێ وەربگرێ . چونکە مرۆڤ خۆی لە هەموو دروستکراوەکانی تری ئەم جیهانە بە تواناترو لێ‌زان‌ترە ، کە خۆی ئەتوانێ شەریعەت بۆ ژیان دابنێ ، بێ‌گومان دروستکراوەکانی تر لەوە کەمترن کە بتوانن بەرنامەی ژیان فێری مرۆڤ بکەن . کەواتە خوای پەروەردگاری داناو زانا تەنیا سەرچاوەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ گوێی بۆشل بکات و ئەحکامی شەریعەتی لێ وەربگرێ .

## هێزی ئارەزوو ( الهوی ) لە مرۆڤ دا :

پێش ئەوەی بە تەواوی بڕیار بدەین کـە ئەبێ ئەحکام تەنیـا لە خواوە وەربگرین ، با سەرێک لە مرۆڤ بدەینەوە ، بەڵکو هێزێکی تری هەبێ جگە لە بینین و ژیری و بیستن [ واتە : (البصر والقلب والسمع ) . کە سودی لێ وەربگرێ بۆ دۆزینەوەی شەریعەت و یاسای ژیان و ئیتر پێویستی بە خوا نەبێ .

یەک هێزی تر لە مرۆڤدا هەیە ، بەڵام هێزی وەرگرتنی زانست نیەو پێی ئەوترێ : ئارەزوو ( الهوی ) ، مرۆڤ بەهۆی ئەم هێزەوە ، هەر لە خۆیەوە حەز لە هەندێ شت ئەکات و لێیان نزیک ئەبێتەوە ، یان حـەز لە هەندێ شـتی تر ناکـات و لێیان دوور ئەکـەوێتـەوە . خۆراکێکی پێخۆشە و یەکێکی تری پێناخۆشە ، یان حەز لە جۆرە بەرگێک ئەکـات و حەز لە جۆرێکی تر ناکات . ئەمە پێی ئەوترێ ئارەزوو ، کاتێ پەروەردەکراو وای لێ هات ئەو شتانەی پێخۆش بێت کە خوا داوایان ئەکات ، وە ئەو شتـانەشی پێناخۆش بێت کە خوا نەهی یان لێ ئەکـات ، ئەو کـاتە مـرۆڤ بەرز ئەبێتـەوە بۆ پلەی ڕەزامەندی خواو سیفەتی دوەمی مرۆڤ کە ئیرادەیە دێتە دی . بەڵام ئەگەر بەرەڵا کرا ، ئەوا خاوەنەکەی نزم ئەبێتەوە بۆ خوار گیانداران ، چونکە ئارەزوو لە عـەرەبیـدا پێی ئەوترێ «الهوی» کە بە مـانای کەوتنە خوارەوە دێت .



ئارەزوو پاڵ بە مـرۆڤـەوە ئەنێ کـە هەر لە خـۆیەوە بەبێ هۆیەکی بەجێ ، هەندێ شتی پێخۆش بێت و هەندێکی تری پێ ناخۆش بێت . بۆ نموونە : ئەمڕۆ حەز ئەکات بگات بە زەلامێک ، بەڵام سبەینێ پێی ناخۆشەو حەزناکات چاویشی پێ بکەوێت . ئەم دیاردەیە مرۆڤ هەمـوو ڕۆژێک لە ژیانی خـۆیدا تێبینی ئەکـات و بەپێی هیچ جۆر ڕێبازێکیش نیە ، ناتوانین بەرنامەیەکی بۆ دابنێین . ئەم ئارەزووەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر هەروەها لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر دەگۆڕێ و بارێکی دیاری کراوی نیە . کەواتە ناتوانین ئەم هێزە بەکار بهێنین بۆ وەرگرتنی زانست . هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ژمارەمان بۆ دانەناوەو لە ڕیزی دەزگـاکـانی وەرگـرتنی زانـسـتـدا دامـان نەناوە ، بێگومـان قـورئانی پیـرۆزیش بەچاکی دەربارەی ئارەزوو « الهوی » ئەدوێ و مرۆڤەکان ئاگادار ئەکاتەوە کە ئاگایان لە خۆیان بێ و شوێن ئارەزوو نەکـەون ، چونکە لە ڕێگای ڕاست لایان ئەدات و تووشی چەندەها گیروگرفت و کوێرەوەییان ئەکات.

کـەواتە ئەم هێـزە هەرگـیـز بە کـەڵکی ئەوە نایەت ئەحکام و شەریعەتی پێ دیاری بکەین . ئەگەر بێتو شەریعەت لەسەر ئەم بنچینە بۆشە دابنرێ ، وەک ئەوە وایە کە مرۆڤ سواری کەشتییەکی بێ کەشتیوان بوو بێت لە ناو دەریایەکی پڕ لە تۆفان و گەردەلولدا .

## مرۆڤ و ڕێبازی ژیان

ئێستاش بزانین لە کێ وەو لە کوێ وە ئەحکام بۆ ژیان وەربگرین؟ ئەگەر کەسێک باوەڕی بە خوا نەبێ و نەیەوێ لە خواوە ئەحکام وەربگرێ ، بێ‌گومان بەپێی ئارەزووی خۆی یان ئارەزووی کەسێکی تر ئەڕژێ . خۆ ئەگەر ئەڵێ بە هێزی بینین « البصر » واتە : بەڕێگای سەرنج‌دان و تاقیکردنەوەو ئەنجام لێ‌وەرگرتن . ڕوونمان کردەوە کە یاساکانی ژیان لە بەشی اعتباریاتن بەم ڕێگایە نازانرێن . خۆ ئەگەر ئەڵێ : بە هێــــزی ژیری و تێگەیشتن « القلب » . ئەم هێــزەش زانراوەکانی ( البصر ) ئەکات بە پێشەکی بۆ گەیشتن بە جیهانی ئەودیو مادده . کەواتە ئەم دوو هێزە تەنها توانای زانینی « حەقایق » یان هەیە . بەڵام یاساکانی ژیان لە بەشی اعتباریاتەو مرۆڤ ناتوانێ لە ڕێگای ئەم دوو هێــزەوە بیــزانێ . ئەگــەر ئەڵێ : بەهۆی هێــزی بیستنەوە وەری گرتووە . گوێ‌گرتن بۆ یەکتری بۆ ئەم مەبەستە سودی نیە . چونکە هیچ کەسێک ئەحکامی ژیانی نەدۆزیوەتەوە ، تا بە کەسێکی تری بڵێ . کەواتە تەنهـا ئەوە ماوەتەوە کە بڵێت : ئارەزوومە یان ئارەزووم نیە . شتێکم پێ‌خۆشە و مەیلم بۆی هەیە ، شتێکی ترم پێ‌ناخۆشە و مەیلم بۆی نیە. خۆ ئەگەر لافی زانست لێبدەن و بڵێن لەســەر بنچینەی زانست ئەم ڕێبازەمــان داناوە ، ڕاست نیە چونکە جگە لە ئارەزوو هیچ بنچینەیەکی تری نیە .



کەواتە تەنیا دەروازەیەک کە مابێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ یاسای ژیانی لێ وەربگرێ ئەوەیە کە گوێ بگرێ بۆ خوای پەروەردگارو هێزی بیستن بکات بە دەزگای وەرگرتن لە خواوە ، بێ‌گومان لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە. بۆیە زۆر جار لە قورئاندا ووشەی « الشريعة » بەرامبەر وشەی « الهوى » هاتووە . مانای ئەوەیە کە ڕێبازی ژیان تەنیا دوو شێوەی هەیە : یان شەریعەتەکە لە خواوە وەرئەگیرێ ، ئەگەر ئەمە نەبوو ، بێ‌گومان ئارەزووە . .

﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ ﴾ الجاثية / ٦٨ .

مارکسیزم یەکێکە لەو ڕێبازە فەلسەفی‌یانەی کە لەم چەرخەدا جیهانی پڕ کردبوو لە گاڵەو خۆی وا پیشان ئەدا کە خاوەنی فەلسەفەیەکی زانستی‌یانەیە . واتە : یاساکانی جوولەی ماددەیان دۆزیووەتەوەو کردوویانە بە بنچینە بۆ فەلسەفەکەیان و ڕێبازی ژیانی مرۆڤایەتی‌یان لەسەر داڕێژاوە . بەپێی ئەم فەلسەفەوەیە مێژووی مرۆڤایەتی لە کۆن و نوێ‌دا بەپێی فەلسەفەی مارکسیزم دروست بووە . بۆ نموونە : ئەبێ لە نێوان چینی کرێکارو سەرمایەداراندا دژایەتی هەبێ و لە ئەنجامدا ئەبێ چینی کرێکار بەسەر چینی سەرمایەداراندا سەرکەوێت . هەروەها ژیانی کۆمەڵ ئەبێ ئاوا بێت و ئاوا نەبێت . .

لە لاپەڕەکانی پێشوودا بە جوانی ڕوونمان کردەوە کە یاساکانی جیهانی ماددی لە بەشی حەقایقن . بەڵام یاساکانی ژیان لە بەشی

اعتباریاته ، وه سەلماندمان کە هەرگیز ناتوانرێ اعتباریات لە حەقایق دەربهێنێ . چونکە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی هۆدارێتی ( العلیة ) لە نێوانیاندا نیە کەواتە یاساکانی جیهانی ماددە کە مارکسیزم ئەیان کات بە بنچینە بۆ فەلسەفەکەی ، ئەگەر لە فەرزێکیشا لە رووی زانستەوە راست بن و حەقایق بن ، هەرگیز مافی ئەوەیان نیە کە یاساکانی ژیانی کۆمەڵیان لێ دەربهێنێ .

ئەڵێین : گریمان راست ئەکەن و لەم رووەوە هەرچی ئەڵێن با راست بێت . بەڵام کاتێ ئەڵێن : بە پێی ئەم یاسایانەی جیهانی ماددە ، ئەتوانین یاساکانی ژیانی مرۆڤ دابنێین . ئەڵێین : ناتوانن ، چونکە وەک لە پێشـەوە روونمان کردەوە : ( کردن بە بەڵگە و ئەنجام لێ دەرهێنانی مەنتیقی ) چەند مەرجێکی تایبەتی خۆی هەیە . بەڵام ئەم کردن بەبەڵگە و ئەنجام لێدەرهێنانەی مارکسیەکان هیچ کام لەو مەرجانەی تێدا نیە . بۆ نموونە : مارکسیزم ئەڵێ : ئەبێ کرێکار خاوەنی ئەو بەرهەمە بێ کە خۆی لە کارگەدا دروستی ئەکات ، چونکە کات و ووزەی کرێکارەکە لە بەرهەم هێنانیدا بەکارهێنراوە . بەڵام سەرمایەدار ئەڵێ : ئەبێ من خاوەنی ئەو بەرهەمە بم ، چونکە ئەگەر سەرمایەکەی من نەبێ ئەو بەرهەمە دروست ناکرێت .

وەڵام ئەوەیە کـە بۆچوونی هەردوو لایان نادروست و هەڵەیە .. بۆچی ؟ چونکە کـات و ووزە کـارکـردن و چەکـوش وەشـاندن و نارەق رشتن لەلایەن کرێکارەوە ، ئەمانە هەمو لە بەشی حەقایقن . بەڵام مولکیەت و خاوەندارێتی ئەبێ بۆ کرێکار بێت و ئەو بەکاری



بهێنێ و سودی لێ وەربگرێ ، ئەم « ئەبێ »یە لە بەشی اعتباریاتەو ناتوانین لەو حەقایقەی پێشەوەی دەربهێنین . هەروەها کە سەرمایە لە دروسـتکردنی ئەو بەرهەمـەدا دەوری هەبووە ، ئەوەش لە بەشی حەقایقە . بەڵام کە ئەبێ سەرمایەدار مالیک بێت و سودی لێ وەربگرێ .. ئەم « ئەبێ »یە دیسـان لە بەشی اعتـباریاتەو لەو حەقایقەی پێشەوە دەرناهێنرێ . کەواتە مارکسیزم و سەرمایەداریش هەردوولا بە هەڵەدا چوون ، ئەگەر ئیددیعا بکەن کە یاساکانیان لەسەر بنچینەی زانست داناوە . چونکە لە راستیدا جگە لە ئارەزوو هیچ بنچینەیەکی تریان نیە .

# دیاری کردنی چاکە و خراپە

باش وایە کە لێرەدا مەسەلەی دیاری کردنی چاکەو خراپە « الحسن والقبح » روون کەینەوە ، چونکە پەیوەندی بەم باسەی ئێمەوە هەیەو لەمەوبەر ئەشعەری[1] و موعتەزیلە[2] هەڵوێستی جیاوازیان هەبووە بەرامبەر توانای مرۆڤ لە دیاری کردنی چاکەو خراپەدا .

ئەشعەری رای وایە کە مرۆڤ توانای دیاری کردنی چاک و خراپی نیە ، واتە : کردەوەیەک چاکە و ئەبێ بکرێ یان خراپەو نابێ بکرێ .

بەڵام موعتەزیلە چونکە فەلسەفەی یۆنانی کاری تێ‌کردبوون ، رایان وایە کە دیاری‌کردنی چاکەو خراپە مەسەلەیەکی عەقلییەو مرۆڤ ئەتوانێ ئەحکامی ژیان دیاری بکات پێش ئەوەی شەریعەتی لەلایەن خواوە بۆ بێت . کەواتە ئەوانیش کەوتبوونە هەمان هەڵەوە کە ئێستا مارکسیزم و رێبازە فەلسەفی‌یەکانی تر تێی کەوتوون ، چونکە ئەڵێن: مرۆڤ ئەتوانێ بەرنامەی ژیان لە جووڵەی ماددەوە دەربهێنێ .

(١) ئەشعەری : ئەگەڕێتەوە بۆ ئیمام ئەبوحەسەنی ئەشعەری کە لەلایەن زانایانی مەزهەبی شافعی و مالیکی و حەنبەلی‌یەوە بە پێشەوای ئەهلی سوننەت ئەژمێررێ لە روونکردنەوەی مەسائیلی عەقیدەدا .

(٢) موعتەزیلە : یەکێکە لەو کۆمەڵانەی کە دوای سەردەمی صەحابە دروست بوون و لە عەقیدەدا خۆیان لە ئەهلی سوننەت جیا کردەوە پێشەواکەیان « واصلی کوڕی عطا » بوو ، کە لە کۆڕی شێخ حەسەنی بەصری جیابوویەوەو کۆڕێکی تایبەتی بۆ خۆی دروست کرد . لێرەدا شێخ حەسەنی بەصری - خوا لێی رازی بێت - ووتی : « إن هذا قد اعتزل مجلسنا » . واتە : ئەم پیاوە خۆی لە کۆڕی ئێمە جیا کردەوە . ئەو کۆمەڵە بە ناوی ( المعتزلة ) ناسراون .



موعتەزیلە ئەڵێن : کاتێ مرۆڤ کردەوەیەک ئەبینێ ، ئەتوانێ بزانێ کە چاکە یان خراپەو بڕیار بدا کە ئەبێ بکرێ یان نابێ بکرێ .

بەڵام ئەشعەری‌یەکان ئەڵێن : ئەخێر ، چاک و خراپ بەم مانایە کە ئەبێ بکرێ یان نابێ بکرێ ، مرۆڤ ناتوانێ بیزانێ . هەرچەند ئەمانیش ئەیان ووت : چاک و خراپ بە واتای گونجان لەگەڵ سروشت « الملائمه مع الطبع »دا هەیەو ئینکار ناکرێ . لە ڕاستی‌دا ئەشعەری‌یەکانیش لێرەدا کەوتوونەتە هەڵەوە .. چۆن ؟

بۆ نموونە : ئەمرۆ خۆراکێک لەگەڵ سروشتمدا ئەگونجێ ئەیخۆم و ناوی ئەنێم چاک ، بەڵام سبەینێ سروشتم ئەگۆڕێ و ناتوانم بیخۆم و ناوی دەنێم خراپ . ئەگەر چاکی و خراپی خۆراکەکە زاتی بوایە ، ئەوا نەئەگۆڕرا و هەمیشە هەریەک جۆر ئەبوو . کەواتە چاک و خراپ بەم مانایەش لە بەشی اعتباریاتەو حەقایق نیە .

هەروەها دیاری‌کردنی چاک و خراپ بەم مانایە کە شتێک پێکهاتنێکی ڕێکوپێکی هەیە و کەواتە چاکە ، یان پێکهاتنێکی نارێکی هەیە کەواتە خراپە ، بۆ نموونە بەقەدو باڵای کەسێک ئەوترێ : چاک یان خراپ ، جوان یان ناشیرین.. ئەم جۆرە شتانە هەموو اعتباریاتن و حەقایق نین . چونکە ئەگەر شتێک تەنها خۆی لەم جیهانەدا بوایەو هیچی تر نەبووایە ، ئەوا مەسەلەی چاک و خراپ نەئەهاتە کایەوە . مرۆڤەکان پێکەوە ئەژین و هەندێ اعتباریات بۆ خۆیان دائەنێن و چاک و خراپ دیاری ئەکەن و کەواتە ئەشعەری‌یەکان ڕاست ئەکەن کە ئەڵێن : « لا تكليفَ قبلَ الشرعْ »

واتە: تا لەلایەن خواوە شەریعەت نەیەت ، مرۆڤ ناتوانێ ئەحکامی ژیان دابنێ .

بۆ ئەوەی زیاتر ئەم مەسەلەیە روون بکەینەوە ئەڵێین : لە پەیوەندی هۆدارێتی ( العلیة ) دا ئەبێ بە گوێرەی پێشەکیەکان ئەنجام دەربهێنرێ وە نابێ شتی زیاتر دابنرێ . بۆ نموونە : « کتێبەکە لەسەر فەرشەکەیە ، فەرشەکەش لەم ژوورەدایە ، کەواتە : کتێبەکە لەم ژوورەدایە » . لێرەدا وشەکانی ئەنجامەکە هەموویان لە پێشەکیەکاندا هەن و هیچ وشەیەکمان لە خۆمانەوە زیاد نەکردوە ، بۆیە ئەنجامەکە راستە . بەڵام ئەگەر ووتمان « کەواتە کتێبەکە ئەسوتێ » . ئەم ووشەی « ئەسوتێ »یە لە پێشەکیەکاندا نیە لە خۆمانەوە هێنامانە کایەوە ، بۆیە دەرهێنانی ئەم ئەنجامە هەڵەیە . هەربەم شێوەیە دەرهێنانی ئەحکام لە حەقایق هەڵەیە . بۆ نموونە ئەڵێین : « مرۆڤەکان سێ یان چوار رەنگی جیاوازیان هەیە » . ئەمە حەقیقەتێکەو زانراوە . ئەگەر لەسەر ئەم بنچینەیە بڵێین : « کەواتە مرۆڤەکان ئەبێ مافیان جیاواز بێت » . ئەم ئەنجام لێ دەرهێنانە هەڵەیە ، چونکە جگە لە ووشەی « ماف » کە شتێکەو خۆمان پەیدامان کردوە ، هەر لە وشەی « ئەبێ »دا گیر ئەخۆین . ئەم « ئەبێ »یەمان چۆن پەیدا کرد ؟ پێشەکیەکان حەقایق بوون ، بەڵام «ئەبێ» لە اعتباریاتەو اعتباریاتیش لە حەقایق دەرناهێنرێ . ئەگەر کەسێک بە ئارەزووی خۆی « ئەبێ »یەک دابنێ ، کەسێکی تریش بە ئارەزووی خۆی دەیان « ئەبێ »ی تر دائەنێ



لەسەر ئەم بنچینەیە ئەشعەرییەکان گەیشتن بەوەی کە مرۆڤ ناتوانێ رەواو نارەوا بزانێت پێش ئەوەی لە لایەن خواوە دیاری بکرێت . چونکە کاتێک مرۆڤ نیشتێک ئەکات ، بڕیارەکانی رەوا یان نارەوا بۆ یەک کردەوە نادروستە ؟ بۆ نموونە : مرۆڤ ناتوانێ بڕیاری ئەوە بدات کە کوشتن « قەتل » رەوایە یان نارەوایە ، بۆچی ؟ چونکە هەر هەمان کردەوە هەندێ جار رەوایە و هەندێ جاری تریش نارەوایە . لەسەرەتاوە کەسێک بەبێ هۆ ئەکوژرێ ، دیارە ئەمە نارەوایە . بەڵام لە دواییدا کە پیاوکوژەکە ئەکوژرێتەوە و تۆڵەی لێ ئەسەنرێ ، بێ گومان ئەم جارەیان رەوایە . ئەگەر کرداری کوشتن لە خودی خۆیدا نارەوا بوایە ، ئەوا هەمیشە هەر نارەوا ئەبوو . وە ئەگەر رەوا بوایە ، ئەوا هەمیشە هەر رەوا ئەبوو ، نە ئەبوو جارێک نارەواو جارێکی تر رەوا بێت .

بۆیە ئەشعەرییەکان ئەڵێین : هەرشتێ خوا بیکات ئەوە رەوایە ، واتە : ئەبێ چاوەڕوان بین و بزانین خوا چۆن ئەمر دەرئەکات ، ئەو کاتە ئەڵێین : رەوایەو ئەبێ بیکەین یان نارەوایەو ئەبێ نەیکەین . ئەمەش بە رێگای بیستن وەری ئەگرین . بەڵام موعتەزیلە ئەڵێین : هەرچی رەوایە خوا ئەوە ئەکات . لێرەدا مەبەستیان ئەوەیە کە مرۆڤ ئەتوانێ بە عەقڵی خۆی ئەحکامی ژیان بزانێت ، کاتێک شەریعەت دێت بۆمانی ئاشکرا ئەکات . تا ئێرە بۆمان روون بوویەوە کە مرۆڤ بەهۆی بینین و ژیرییەوە « البصر والقلب » ئەتوانێ راستییەکان « حقائق » بزانێت و زۆر جاریش لە زانینەکەیدا تووشی هەڵەو کەمو

کوری دێت . بەڵام گریمان هیچ هەڵەیەک ناکات و توانی هەموو ڕاستییەکانی جیهانی ماددەو ئەودیو ماددەش بدۆزێتەوە و لێیان تێبگات ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ بەرنامەی ژیان بۆ خۆی دابنێ ، ئەگەر بیەوێ شوێن بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆی نەکەوێت . تاقە ڕێگە ئەوەیە کە بەهۆی پێغەمبەرانەوە گوێ بۆ خوای پەروەردگار بگرێ و ڕێبازی ژیانی لێ وەربگرێ و بەپێی ئەو شەریعەتە بجوولێتەوە کە لەلایەن خواوە بۆ مرۆڤەکان نێردراوە .



## بنچینەی شەریعەت

ئێستا بۆمان هەیە بپرسین : ئایا لەسەر چ بنچینەیەک خوای پەروەردگار ڕێبازی ژیانی مرۆڤ واتە شەریعەت و ئەحکام بڕیار ئەدات ؟!

لە باسەکانی پێشەوەدا ڕوونمان کردەوە کە مرۆڤ لە ڕێگای ئەنجام لێدەرهێنانی مەنتیقیەوە ناتوانێت حەقایق بکات بە بەڵگە بۆ دانانی ئەحکامی ژیان . بێگومان ئەنجام لێدەرهێنان کاتێک ئەکرێت کە مرۆڤ ئەنجامێک نەزانێ و بەهۆی چەند پێشەکیەکەوە پێی بگات . بەڵام خوای پەروەردگار هیچ شتێکی لێ نادیارو شاراوە نیە و زانینی خوا موتڵەقەو گشت نهێنییەکانی جیهانی گرتۆتەوە ، بۆیە پێویستی بەوە نیە کە لە ڕێگای ئەنجام لێدەرهێنانی مەنتیقیەوە بگات بە ئەنجامەکان.

لە ڕاستیدا بەشەکانی جیهان بە دیارو نادیارەوە هەموو لەگەڵ مرۆڤدا پێکەوە پەیوەستن و لە یەکتر جیا ناکرێنەوە . ئەگەر یەکێک لە بەشەکانی با زۆر بچوکیش بێت ، لە کاریکەوێ ، کار ئەکاتە سەر هەموو بەشەکانی تر . ژیانی مرۆڤیش پەیوەندییەکی بەهێزی بەم گەردوونەوە هەیە ، قورئانی پیرۆز ئیشارەت بۆ ئەم ڕاستییە ئەکات و بەزمانی نوح پێغەمبەرەوە ئەیگێڕێتەوە کە بە قەومەکەی ووتووە :

﴿ فَقُلْتُ إِسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّاراً يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَاراً .

وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ ، وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَاراً ﴾[1] .

کەواتە پەرستنی خواو گوێڕایەڵی کردن بۆ فەرمانەکانی و ژیان بەپێی شەریعەتەکەی پەیوەندی هەیە بە بارانبارین و گەشەکردنی دارایی و زۆربوونی مناڵ و سەوزبوونی ڕووەک و گشت کاروبارەکانی تری گەردوونەوە . بۆیە ئەگەر یەکێ لە بەشەکانی ئەم گەردوونە جیا بکرێتەوە و ڕێبازێکی جیای بۆ دابنرێ ، ئەوا ڕێگای لێ تێک ئەچێت و تەگەرەش ئەکەوێتە جوولەی بەشەکانی تری و کاروبار ئەشێوێت. چونکە جیهان بەگشتی یەکە « وحدە »یەکە و ئەبێ بەپێی کۆمەڵە یاسایەک بجوڵێنەوە کە لە یەک سەرچاوەوە دەرچووبێ ، دژایەتی و ناکۆکی لە نێوانیاندا نەبێ . ئەو سەرچاوەیەش تەنیا خوای پەروەردگارە کە بەدیهێنەرو بەڕێوەبەری گشت دروستکراوەکانی گەردوون و جیهانی نادیاریشە .

مرۆڤ یەکێکە لە گرنگترین دروستکراوەکانی ئەم گەردوونەو بگرە گرنگترینیانە .. جوولەی مرۆڤ لەم زەوییەدا لە دوو هێڵی سەرەکیدا دەرئەکەوێت . یەکێکیان ( هێڵی نا اختیاریە ) کە خۆی ویستی لە بەڕێوەبردنیانیەو بە پێی ئەو یاسایانە ئەجوولێتەوە کە خوا بۆی دیاری کردوە ، وەک : ژیان و مردن و گەشەکردن و

(1) سورەتی ( نوح ) ئایەتی : 10 ، 11 ، 12 .

واتە : پێیم ووتن : داوای لێبووردن لە پەروەردگارتان بکەن ، بە ڕاستی خوا زۆر لێ بووردەیە . [ ئەگەر وا بکەن ] ئەوا بارانی پر بەرەکەتی زۆرتان بەسەردا ئەڕژێنێ و دارایی و منالی زۆرتان پێ ئەبەخشێ و باخاتی جوان و ڕووباری زۆرتان ئەداتێ .



زۆربوون و کاروباری ئەندامەکانی لەشی . دووەمیان : ( هێڵی اختیاریە ) کە لە بوارێکی تایبەتیدا ئەتوانێ بە ویستی خۆی بجوولێتەوە .

مرۆڤ ئەتوانێ هەندێ حەقایقی گەردوون بزانێ و چەندەها ڕێبازی جیاوازیش لەسەر بنچینەی ئارەزوو دابنێ . هەروەها لەلایەن خواوە شەریعەتیشی بۆ دێت . پاشان سەرنج لەم چەند ڕێبازە جیاوازانە ئەدات و یەکێکیان بۆ ژیانی هەڵئەبژێرێت . ئەگەر شەریعەتی خوا هەڵبژێرێ ، ئەوا ڕێبازی ژیانی اختیاری و نا اختیاری پێکەوە لەگەڵ جوولەی گەردووندا یەک ئاراستەیان ئەبێ و ئیتر کۆسپ و تەگەرە نایەتە ڕێگای و ئەم قۆناغەی ژیانی بە کامەرانی و ئاسوودەیی بەسەر ئەباو ئەگات بە ڕەزامەندی خواو بەختەوەری ژیانی هەمیشەییش بەدەست ئەهێنێ . بەڵام ئەگەر ئەحکامی ژیانی لە شەریعەتی خواوە وەرنەگرت ، ئەوا ناکۆکییەک پەیدا ئەبێ لە نێوان ڕێبازی ژیانی مرۆڤ و جوولەی گەردووندا و لە ئەنجامدا کاروباری ژیانی ئەشێوێ و تووشی چەندەها گرێ کوێرەی ژیان و کوێرەوەری ئەبێ و لە ئاکامیشدا ئەکەوێتە بەر خەشم و قینی خواو سزای ئاگری دۆزەخ بۆ خۆی مسۆگەر ئەکات .

بانگەوازی پێغەمبەران - دروودو سەلامی خوایان لێ بێ - هەمیشە بۆ ئەوە بووە کە ئەی خەڵکینە ، ئێوە دوای ئەوەی دان ئەنێن بەوەدا کە خوای پەروەردگار دروستکەرو بەڕێوەبەری گەردوون و بەشی نا اختیاری ژیانی خۆتانە ، لە بەشی ژیانی اختیاریشتاندا

هاوبەش بۆ خوا بڕیار مەدەن ، واتە : لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی‌تاندا بەپێی ڕێبازێکی تر - جگە لە شەریعەتی خوا - مەجووڵێنەوە . کەواتە بانگەوازی پێغەمبەران بۆ ئەوە بووە کە مرۆڤ لە بەشی ژیانی اختیاریشدا هەر بەپێی یاسای خوا بجووڵێتەوە ، بۆ ئەوەی تەوحید دروست ببێت لە نێوان ژیانی مرۆڤ و جووڵەی گەردووندا بە گشتی .

زانیمان کە مرۆڤ ئەگەر گشت حەقایقی جیهانی ماددەش بدۆزێتەوە، ناتوانن بەڕێگای لێ‌دەرهێنانی مەنتیقی و ئەحکام بۆ ژیان دابنێن ... بەلام ئایا شەریعەت لەسەر چ بنچینەیەک دانراوە ؟ .. ئایا لەڕاستی‌دا هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەک هەیە لە نێوان حەقایقی جیهانی ماددەو یاساکانی ژیانی مرۆڤدا ؟ وە ئایا ئەو ئەحکامەی کە خوا بڕیاری ئەدات و پێویستی ئەکات لەسەر مرۆڤ ، بێ پەیوەندین لەگەڵ حەقایقی جیهانی ماددەدا ؟ وە ئایا وەک مرۆڤ ناتوانێت پەیوەندی‌یەکەیان بزانێت، هەر لە واقعیشدا پەیوەندی‌یان پێکەوە نیە ؟! لە ڕاستی‌دا پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان ڕێبازی ژیانی مرۆڤ و یاساکانی جیهانی ماددەو ئەودیو ماددەشدا ، بەلام بەشێوەیەک نیە کە مرۆڤ بتوانێ لە ڕێگای لێ‌دەرهێنانی مەنتیقی‌یەوە پێی بگات ، بەڵکو تەنیا خوای پەروەردگار نهێنی‌یەکەی ئەزانێ ، چونکە دروستکەرو بەڕێوەبەری هەموو جیهانەکانە .

مرۆڤ لە ژیانیدا بەرامبەر هەموو شتێک یان ڕووداوێک چەندەها



هەڵوێستی جیاوازی هەیە ، ئەم هەڵوێستانەش لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی تر یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ولە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازن . هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر هەر شتێک یان ڕووداوێک ئەوەیە کە ئەبێ چی بکات یان چی نەکات ؟ ( واتە : ئەبێ و نابێ ). بێ‌گومان بەرامبەر هەرشتێک یان ڕووداوێک تەنیا یەک هەڵوێستی ڕاست هەیە کە ئەگەر مرۆڤ پێی هەڵسێت ، ئەوا کار دروست ئەبێ و زەرەر بە جووڵەی ژیان ناگەیەنێت .

بۆ نموونە : بەرامبەر ( عەرەق ) چەندەها هەڵوێست هەیە وەک دروستکردن ، فرۆشتن ، بۆنکردن ، خواردنەوە زۆر یان کەم ، نەخواردنەوە، هەڵگرتن ، وە لێ دوورکەوتنەوە . لەمانە تەنیا یەک هەڵوێستی ڕاست هەیە ، ئەویش لێ‌دوورکەوتنەوەیە بە هەموو شێوەیەک. هەڵوێستەکانی تر هەمو نادروستن و هەریەکە بە شێوەیەک زەرەر بە ژیانی مرۆڤ ئەگەیەنێت .

ووتمان لە ڕێگای ئەنجام لێ‌دەرهێنانی مەنتیقیەوە مرۆڤ ناتوانێ ئەحکامی ژیان دیاری بکات ، بەلام لە ڕێگای تاقیکردنەوەوە ئەتوانێ یەک لە دوای یەک هەڵوێستە ناڕاستەکان بدۆزێتەوە تا ئەگاتە هەڵوێستە ڕاستەکەیان ، بێ‌گومان مرۆڤ بەرامبەر هەموو شتێک دەیان هەڵوێستی جیا جیا هەیەو وا ئەزانێ کە زۆر لەو هەڵوێستانە ڕاستن و هیچ زیانێک نە بەخۆی و نە بەجیهان ناگەیەنن .. بەلام تا زیاتر زانست و شارەزایی بەرامبەر ئەو شتە پەیدا بکات ، ئەوا تێ‌ئەگات کە هەندێ لەو هەڵوێستانە هەڵەن و

نابێ پێیان هەڵسێ . دیسان هەڵوێستێکی تر بەراست ئەزانێ و دوای ماوەیەک بۆی دەرئەکەوێت کە ئەمەشیان هەڵەیەو زیانبەخشە ، ئینجا یەکێکی تر تاقی ئەکاتەوە ، بەم ڕەنگە تا ئەگاتە هەڵوێستە ڕاستەکەو ئەوەش ئەوەیە کە لە سەرەتاوە خوا داوای ئەکات و فەرمانی پێ ئەکات . لەم ڕێگایەوە مرۆڤ ئەگوێجێ بتوانێ زۆر لە یاساکانی ژیانی بزانێ ، ئەگەر بتوانێ زانیاری پەیدا بکات دەربارەی گشت حەقایقی جیهانی مادده و ئەودیو ماددەش . ئەمەش ئەستەمە ، چونکە یاساکانی ژیانی مرۆڤ ، هەروەک پەیوەندییان بە حەقایقی جیهانی ماددییەوە هەیە ، دیسان پەیوەندیشیان بە حەقایقی جیهانی غەیبەوە هەیە ، کە جیهانی دوایی « الیوم الآخر » بەشێکە لێی . دیارە زانینی حەقایقی جیهانی دیارو نادیار لەلایەن مرۆڤەوە ئەستەمە . ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە ، ئەگەر فەرزمان کرد مرۆڤ توانی بەرامبەر هەموو شتێک ، هەڵوێستی ڕاست و دروست بزانێت ، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێت بەپێی زانینەکەی بجووڵێتەوە ، چونکە زانینی ڕووت ، جووڵەو هەڵوێستی کردەیی و ئیجابی لە مرۆڤدا دروست ناکات و پاڵی پێوەنانێت بۆ ئەوەی بە گوێرەی هەڵوێستە ڕاستەکە بجوڵێتەوە . بۆ نموونە : زانست و واقیعی ژیانیش زۆر بە جوانی سەلماندویانە کە خواردنەوەی عارەق و جگەرە و گەلێ شتی تر هەڵەیەو زیان بە ژیانی مرۆڤ ئەگەیەنن ، کەچی لەگەڵ ئەوەشا مرۆڤ ناتوانێ دەستیان لێ هەڵبگرێ و زۆربەی ئەوانەی کە پزیشکن یان زانان بەو شتانە ،



گیرۆدەی ئەو شتانە بوون و ناتوانن خۆیانی لێ ڕزگاربکەن. کەواتە چارە هەر ئەوەیە کە مرۆڤ ڕێبازی ژیانی لە خواوە وەربگرێ ، چونکە خوای پەروەردگار زانینی موتڵەقی هەیە و بەرامبەر هەموو شتێک هەڵوێستی ڕاست ئەزانێ و هەرئەوەش لە مرۆڤ داوا ئەکات .

# شەریعەتی خوا چۆن دەتوانێ هەمیشەیی بێت ؟ !

خوای پەروەردگار بەشێوەیەک شەریعەتی ئیسلامی بۆ مرۆڤ ناردوە کە تا مرۆڤ لەسەر ئەم زەوی‌یە بژی ، بۆ هەموو کات و شوێنێک بشێ . لە دانانی شەریعەتدا خوا هەمو جوزئیاتی یاساکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و لایەنەکانی تری بەیان نەکردوە . چونکە ئەگەر هەمو جوزئیاتی باس بکردایە ، ئەوا بۆ هەموو ناوچەیەک لەسەدەیەکدا چەندەها بەرگ کتێبی گەورەی پێویست ئەبوو بۆ ئەوەی جوزئیاتی یاساکانی ژیان رۆژانەی تێدا تۆمار بکرێت . ئەو کاتە مرۆڤ نەی‌ئەتوانی بەجوانی وەری بگرێ و بی‌پارێزێ ، هەروەها جوزئیاتی ژیانی مرۆڤیش هەمیشە لە گۆڕاندایە . بۆیە خوای داناو زانا تەنیا هێڵە سەرەکیەکانی یاساکانی ژیانی لە شەریعەتدا دیاری کردوە . بۆ نموونە : بنچینەی شوراو چەند مەسەلەیەکی تری گشتی لە بواری سیاسی‌دا بڕیار دراوە ، زەکات و چەند مەسەلەیەکی تری سەرەکی لە بواری ئابوری‌دا دیاری کردوە. ئەمانە وەک کانزاکانی ناوجەرگەی زەوی لەبەردەستی مرۆڤایەتی دان، بۆ ئەوەی لە هەمو سەردەمێکدا بەگوێرەی تواناو پێویستی خۆیان، جوزئیاتی پێویست لەو بنچینە سەرەکی‌یانە دەربهێنن و بەپێ ی ئالیاتی هاوچەرخ ژیانی خۆیان رێک بخەن . بۆ نموونە : ئاسن و



نەوت و کانزاکانی تری لە زەوی‌دا داناوە ، مرۆڤەکانیش لەهەموو سەردەمێکدا بە پێی تواناو پێویستی‌یان دەریان ئەهێنن و سودیان لێ وەرئەگرن . بێ‌گومان لە پاڵ ئەمانەشدا هەندێ ماددەی تر هەیە کە ئالوگۆڕیان تێدا ناکرێت و مرۆڤ هەمو کاتێ پێویستی پێ‌یان هەیە وەک : ئاوو هەوا ، بۆیە راستەوخۆ دراوەتە دەستمان و هەمیشە بەکاریان ئەهێنین . بەلام لە ئاسن و نەوت و کانزاکانی تردا ، ئەبێ ئالوگۆڕو جیاکردنەوەیان تێدا بکرێ و ئامێرو کەرەسەی جیاجیایان لێ دروست بکرێ . ئینجا خەلک ئەتوانن لە ژیانی رۆژانەیاندا بەکاریان بهێنن . هەر بەم شێوەیە هەندێ لایەنی ژیانی مرۆڤیش ناگۆڕێت و تا مرۆڤ مرۆڤ بێت هەمیشە پێویستی پێ‌یان هەیە وەک : عەقیدەو عیبادەت کردن کە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و خوا رێک ئەخات ، یان رەوشتەکان « الأخلاق » کە پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا رێک ئەخات . ئەمانە هەرگیز گۆڕانیان بەسەردا نایەت، بۆیە خوای پەروەردگار زۆر بەوردی روونی کردونەتەوە وەک : عەقیدەی تەوحیدو نوێژکردن و رۆژوگرتن و حەج‌کردن کە بریتین لە دروشمەکانی پەرستنی خوا، هەروەها راستگۆیی و دەست‌پاکی و داوێن‌پاکی و یارمەتی‌دان و دلسۆزی کە نموونەن بۆ رەوشتە جوانەکان.

بەلام لەژیانی سیاسی و ئابوری و هەندێ لایەنی ژیانی کۆمەلایەتی‌دا کە گۆڕانیان بەسەردا دێت ، خوای پەروەردگار بنەماکانی داناون و جوزئیاتەکانی بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی لە هەمو سەردەمێکدا چەند کەسێکی پسپۆڕو شارەزا هەبن کە جوزئیاتی لە

بارو گوزەرانیان بەپێی بنەماو هێڵە سەرەکییەکان دەربهێنن و کاروباری ژیانی کۆمەڵیان پێ رێک بخەن. ئەو زاناو شارەزایانەی کە لەم بوارەدا پسپۆڕن و بەم کارە پیرۆزە هەڵئەستن لە مێژووی ئیسلامدا بە موجتەهیدەکان ناسراون ، وەک ئیمام ئەبوحەنیفە و ئیمامی شافعی و ئیمامی مالک و ئیمامی احمد ژمارەیەکی تر کە لە سەردەمە یەک لە دوای یەکەکاندا دەرکەوتوون .



## ئەرک و فرمانی موجتەهیدەکان

لەمەو پێش روونمان کردەوە کە : مرۆڤ ناتوانێ ئەحکامی دروست بۆ ژیان دابنێ ، لێرەدا پرسیارێک دێتە رێگەمان : ئایا کاتێ موجتەهیدەکان لە بنەما گشتییەکانی شەریعەت ، جوزئیاتی ئەحکامی ژیانی رۆژانە دەرئەهێنن ، مانای ئەوە نیە کە یاسا دائەنێن یان هەندێ ئەحکام کە خوا بڕیاری نەداوە ، ئەوان بڕیاری ئەدەن ؟

لە وەڵامـــدا ئەڵێین : مـــرۆڤ لە رێگای ئەنجـــام دەرهێنانی مەنتیقیەوە، ناتوانێ لە حەقایقەکانەوە ئەحکام بۆ ژیان دەربهێنێ . چونکە پەیوەندی هۆدارێتی لە نێوانیاندا بەشێوەیەک نیە کە مرۆڤ دیاری بکات . هەروەها بەرامبەر هەرشتێک یان هەر رووداوێک تەنیا یەک هەڵوێستی راست هەیە ، مرۆڤیش زانینێکی تەواو و گشتگری نیە تا بزانێ ئەو تاکە هەڵوێستە راستە کامەیە کە ئەبێ هەیبێ بەرامبەر هەرشتێک یان هەر رووداوێک ، وە تەنیا خوای پەروەردگارە کە زانینێکی تەواو و گشتگری « عیلمی موحیطی » هەیەو ئەزانی کام هەڵوێست بەرژەوەندی مرۆڤی تێدایە و زیان بە ژیان و جیهان ناگەیەنێت و، لەسەر ئەم بنچینەیە شەریعەتی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی ناردوە . کەواتە ئێمە لێرەدا دڵنیاین کە لە بەرامبەر هەمـوو ( ئەمرو نەهی ) یەکی خوادا بەرژەوەندی ژیانی مرۆڤ و نظامی گەردوونیش رەچاو کراوە .

شەریعەتی ئیسلامی بەگشتی لەسەر بنچینەی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی دانراوە ، ئەو بەرژەوەندییانەی کە خوای پەروەردگار بڕیاری لەسەر داون و ئەبێ لە ژیاندا چاودێری بکرێن ، لە پێنج هێڵی سەرەکیدا دیاری کراون کە هەمو لایەنە سەرەکیەکانی ژیان ئەگرنەوە کە ئەمانەی خوارەوەن :

١ - **پاراستنی عەقیدەو باوەڕ ( حفظ الدین ) .**

٢ - **پاراستنی گیان ( حفظ الحیاە ) .**

٣ - **پاراستنی وەچە ( حفظ النسل ) .**

٤ - **پاراستنی ژیری ( حفظ العقل ) .**

٥ - **پاراستنی دارایی ( حفظ المال ) .**

ئەمانەی سەرەوە ئەوتری پێویستییەکان ( الضروریات ) ، هەندێ پێشەکیش هەن کە یاریدەدەرن بۆ پاراستنی ئەم پێنجەو تەواوکەریانن . کەواتە هەمو حوکمێکی شەرعی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، یەکێ یان زیاتر لەم پێنج بەرژەوەندییەی تێدایە .

موجتەهیدەکانیش لە دەرهێنانی جوزئیاتی ئەحکامدا پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانە ڕەچاو ئەکەن و لەسەر بنچینەی هێڵە سەرەکییەکانی شەریعەت ، جوزئیاتی پێویستی ژیانی ڕۆژانە دەرئەهێنن . ئەگەر خوا بڕیاری ئەدایە کە پاراستنی عەقیدە ، بەرژەوەندی ژیانی مرۆڤ و جیهانیشی تێدایە ، مرۆڤ خۆی بە



ڕێگای ئەنجام دەرهێنانی مەنتیقی ئەی دەتوانی بگاتە ئەو بڕیارە کە پاسا داینێ بۆ پاراستنی عەقیدە . بەڵام لەبەرئەوەی کە خوا بڕیاری داوە : پاراستنی عەقیدەو گیان و وەچەو ژیری و دارایی ... پێویستێ بۆ ئەوەی بەرنامەی ژیان تێکنەچێت و ژیانی مرۆڤایەتیش بەرەو تەواوخوازی بڕوات ، موجتەهیدەکان هەرکاتێ بیانەوێ اجتیهاد بکەن و حوکمی شەرعی دەربهێنن ، پاراستنی ئەم پێنج بەرژەوەندییە لەبەرچاو ئەگرن . کەواتە لێرەدا ئەنجام دەرهێنانی مەنتیقی نیش ناکات . بەڵکو بوونی بەرژەوەندی بەڵگەی ئەمر پێ کردنی خوایە ، وە نەبوونی بەرژەوەندی بەڵگەی نەهی لێ کردنی خوایە. بە واتایەکی تر ، لەبەرئەوەی خوا بڕیاری شەرعیەتی ئەم پێنج بەرژەوەندییەی داوە ، ئەوا لە هەر شوێنێکدا یەکێکیان هەیە ، دڵنیاین کە ئەمرێکی خوای لەگەڵدایە ، خوا ناوی نەبردوە ، موجتەهیدەکان بڕیاری ئەدەن . وە لە هەر شوێنێکدا یەکێ لەو بەرژەوەندییانە نەبوو یان دژەکەیان هەبوو ، ئەوا بێ گومان نەهی لێکردنێکی خوای لە پاڵدایە و موجتەهیدەکان ئاشکرای ئەکەن . کەواتە ئیشی موجتەهیدەکان بریتییە لە کەشف کردنی ئەمرو نەهییەکانی خوا .

# قورئان و زانستەکان

لە باسەکانی پێشەوەدا بۆمان ڕوونبوویەوە کە مرۆڤ بەهۆی هێزی بینین ( البصر )ەوە ئەتوانێ بەشێک لە ڕاستییەکانی جیهانی ماددە بدۆزێتەوە ، ئەو پەڕەکەشی ئەوەیە کە لە ئایندەی زۆر دووردا بتوانێ هەموو ڕاستییەکانی جیهانی ماددە بدۆزێتەوە ، هەرچەندە لە ڕووی کردارەوە ئەستەمە . هەروەها بەهۆی هێزی ژیری و تێگەیشتنەوە ( القلب ) ، ئەتوانێ جیهانی ئەودیو ماددە ( واتە جیهانی غەیب ) بدۆزێتەوە کە بریتییە لە زات و سیفەتە پیرۆزەکانی خواو هەندێ لە بەشەکانی تری جیهانی نادیار . بێگومان هەرگیز ناتوانێ هەموو ڕاستییەکانی جیهانی غەیب بدۆزێتەوە . وە بەهۆی هێزی بیستنەوە (السمع) ئەتوانێ ڕێبازی ژیان لەلایەن خوای پەروەردگارەوە وەربگرێ .

بەلام ئەگەر لە قورئانی پیرۆز ووردببینەوە ، ئەبینین کە جگە لە ڕێبازی ژیان ، گەلێ زانیاری تری تێدایە دەربارەی ڕاستییەکانی جیهانی ماددەو جیهانی غەیب و زانستە تاقیکاریەکانیش . خوای پەروەردگار زانایە کە مرۆڤ خۆی بە تەنیا و بەبێ ڕێنمایی کردنی خوایی ، ناتوانێ ڕاستییەکانی جیهانی ماددەو ئەودیو ماددە بدۆزێتەوە ، وە زۆر جاریش بە هەڵەدا ئەچێ وبەڕێکی دەرکیان ناکات . وەک بۆچوونی زاناو فەیلەسوفەکانی یۆنان و ئەورووپا لە



کۆن و نوێدا ، کە تا چ ڕادەیەک هەڵەیان تێدایە ، چ لەو بابەتانەدا کە پەیوەندییان بە جیهانی ماددەوە هەیە ، وە چ لەو بابەتانەدا کە پەیوەندییان بە جیهانی ئەودیو ماددەشەوە هەیە وەک بوونی خواو سیفەتەکانی .

لەبەرئەوەی کە مرۆڤ خۆی کەم توانایەو بەو پلەیەی کە پێویستە ، ناتوانێ ڕاستییەکان بزانێت ، وە ئەگەر ڕۆژێکیش بێت کە بتوانێ بەچاکی بیان دۆزێتەوە ، فریای مرۆڤایەتی ناکەوێ و سەدان ئەوە لە نەزانی و نەفامیدا کوێرانە ژیان بەسەر ئەبەن . لەبەر ئەم هۆیانە خوای میهرەبان و دانا لە قورئاندا وە لەو کتێبانەدا پێشتر ناردوونی بۆ پێغەمبەران ، زۆر لە ڕاستییەکانی جیهانی ماددەو جیهانی غەیبی باس کردوە . هەروەها چەند ئیشارەتێکیش بۆ زانستە تاقیکاریەکان ئەکات، بۆ ئەوەی مرۆڤ سودیان لێ وەربگرێ لە ڕوون کردنەوەی ڕاستییەکاندا. کەواتە بەهێزی بیستن هەروەک ڕێبازی ژیان لە خوا وەرئەگرین ، زۆر لە ڕاستییەکانی جیهانی ماددەو ئەودیو ماددەش وەرئەگرین .

ئەگەر خوا ناسینی زات و سیفەتەکانی خۆی بخستایەتە ئەستۆی مرۆڤ ، هەرچەندە لە ڕووی ژیرییەوە ( من الناحية العقلية ) ئەگونجێ مرۆڤ پێی بکات ، بەلام لە ڕووی کردارە (من الناحية التطبيقية ) دلنیاین کە تا ئێستا نەیتوانیوە ، ئەگەر وا فەرزیش بکەین کە بتوانێ ، ئەوا فریای مرۆڤایەتی ناکەوێ . بۆ نموونە ( ئەرستۆ ) کە عەقلێکی بەرزو پایەداری فەلسەفەیە دوای ئەوەی بوونی خواو

سیفەتەکانی ئەسەلمێنن ، ئەڵێن : خوا جیهانی دروست کردوە ، بەڵام دوای دروستکردن و ڕێکخستنی بەرەڵای کردوە . چونکە – بەڕای ئەرستۆ – خوا تەواوەو جیهان ناتەواوە ، تەواو خۆی بەناتەواوەوە خەریک ناکات . خوایەک بەم جۆرە بێ بۆچی چاکە ؟! خوایەک بە کەڵکی مرۆڤ نەیەت و لە تاریکستانی ژیاندا فریای نەکەوێ وشەریعەتی بۆ نەنێرێ و چرای ڕێنمایی بۆ نەخاتە سەر ڕێگا ، بوون و نەبوونی جیاوازی چی‌یە ؟! ئەو کەسەی کە دان بەبوونی خوایەکی ئاوادا ئەنێ ، جیاوازی چی‌یە لەگەڵ ئەو کەسەدا کە ئینکاری بوونی ئەکا !! بێ‌گومان هیچ جیاوازی‌یەک نیە.

عیلمی کەلامی لای خۆیشمان کە بریتی‌یە لە فەلسەفەی ئیسلامی ، هەمان هەڵەی هاتۆتە ڕێگەو لەو مەسەلانە کۆڵیوەتەوە کە ئەرستۆ و قوتابییەکانی تەمەنی خۆیانیان تێدا تەواوکردوە ، بەبێ ئەوەی بەرهەمەکانیان هیچ سودێک بە ژیان و گەشەکردنی بگەیەنێت. سەلماندنی بوونی خواو سیفەتەکانی لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە هیچ گرنگیەکی لەژیاندا نیە . بتپەرستەکانیش وەک ئەوان دانیان بەبوونی خوادا ناوەو زانیویانە کە خوا دروستکەری هەموو جیهانەکانەو خاوەنی زانین و تواناو ئیرادەی موتڵەقە . بەڵام ئامادە نەبوون کە دانبنێن بە حاکمیەتی خوا لە ژیاندا ، وە بە ئارەزووی خۆیان شوێن ڕێبازو بەرنامەی خۆیان ئەکەوتن .

مەبەستمان ئەوەیە کە گەورەترین زانایانی مرۆڤ هەڵەی ئاوا گەورە لە ناسینی زات و سیفەتەکانی خوادا ئەکەن . ئیتر با بوەستێ

کە چەندەها هەڵەی گەورە گەورە لە بینش کردنی گەردوون و ئاسمانەکان و زەوی و ئەستێرەکاندا ئەکەن . بۆچوون و تێڕوانینی وایان بووە ، ئەگەر ئەمڕۆ سەیریان بکەین لە قسەی مناڵان و وڕێنەی بێ‌هۆشان ئەچێت .

هەموو ڕۆژێک هەڵەی ڕۆژی پێشووی زاناکان دەرئەکەوێ چ لەبواری فەلسەفەو جیهانی میتافیزیکی‌دا ، وە چ لە بواری زانستە تاقیکاری‌یەکاندا . ئەگەر خوا شەریعەتی نەناردایە و زانینی ڕاستی‌یەکانی بەگشتی بخستایەتە ئەستۆی مرۆڤ ، بێ‌گومان مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو تووشی چەندەها گیروگرفتی ئاڵۆزو بێ‌چارەسەر ئەهات. چونکە ئەگەر مرۆڤ بیرو هۆش و تێڕوانینێکی ڕاست و تەواوی نەبێ ، باوەڕو عەقیدەی ڕاست و دروستی نابێت ، ئەو باوەڕەی کە چاکترین زەمینەیە بۆ بەجێهێنانی تەکالیف و یاساکانی ژیان . ئەگەر مرۆڤ باوەڕێکی ڕاست و پتەوی دەربارەی خواو جیهانی غەیب و قیامەت و پێغەمبەرایەتی نەبێ ، ناتوانێ بەگوێرەی شەریعەت بەجوانی بجوڵێتەوە. لەبەر ئەم هۆیە ، قورئانی پیرۆز پێش‌هێنانی ئەحکامی شەریعەت ، هەوڵی داوە کە عەقیدەو بیروباوەڕی مرۆڤ دەربارەی جیهانی ماددەو غەیب و زاتی خواو سیفەتەکانی وژیانی دوایی دابمەزرێنێ . چونکە هەر باوەڕو عەقیدەیەکە ئاراستەی مرۆڤ ئەکات و هانی ئەدات بۆ وورد بوونەوە و سەرنجدان لە نهێنی‌یەکانی گەردوون ، هەروەها زەمینەی لەبارو گونجاو لە دڵ و دەروون و مێشکی مرۆڤدا دروست ئەکات و ئیتر ئەتوانێ بە ئاسانی و بەپەرۆشەوە شەریعەت لە ژیانیدا بەجێ بهێنێ .

www.eslahe.com